

# مارکسیزم و جیهانی ئەمڕۆ

## گفتوگۆی بڵاوکراوەی ئینتەرناسیۆنال
## لەگەڵ
## مەنسوور حیکمەت

**پێشووتە**

شانزە ساڵ لەمەوبەر و لە کاتێکدا کە هێرشی بۆرژوازی و تۆپخانەیەکی تەبلیغاتی گەورە لە ئاستی جیهانیدا بۆ سەر کۆمۆنیزم و ئامانجە ئینسانیەکان لەوپەڕی خۆیدا بوو گفتوگۆی بڵاوکراوەی ***ئینتەرناسیۆنال*** لەگەڵ مەنسوور حیکمەت کە بە ناونیشانی ***مارکسیزم و جیهانی ئەمڕۆ*** کەوتە بەردەست، دنیای دوای جەنگی سارد و نەمانی بلۆکی شەرقی بەناو سۆسیالیستی خستە بەردەم لێکدانەوە و ڕەخنەی مارکسیستیەوە. ئەم باسەش بە وێنەی باسە سیاسی و تیۆریەکانی تری ئەم ڕابەرە مەزنە هاتە سەر خەرمانەی لێکدانەوە مارکسیستیە هاوچەرخەکان. هاوشان لەگەڵ دروستکردنی حزبێکی کۆمۆنیستی کرێکارییدا، وەک ئامڕازێکی خەباتکارانە بۆ گۆڕینی جیهانی ژێرەژووری سەرمایە، ئەم باسەش وەک چەکێک هاتە دەست کۆمۆنیستەکانی ئەم سەردەمە. بە دوای بڵاوبوونەوەی گفتوگۆکە بە زمانی فارسی لە ئینتەرناسۆنالدا، ئاوات سەعیدیش خوێنەرانی کوردی زمانی لەم بەرهەمە فیکریە گرنگە بەهرەمەند کرد و بەشێوەی نامیلکەیەک لە لایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕەوتی کۆمۆنیستەوە بڵاوکرایەوە. بەمجۆرە چەندین نەوە لە پێگەیاندن و گەشەسەندنی خەباتی کۆمۆنیستیدا سوودیان لێوەرگرت. بە داخەوە کە ماوەیەکی زۆرە ئەم بەرهەمە تەنها چەند دانەیەکی کەم بەشێوەی تایپە کۆنەکەی لێ ماوەتەوە و وەک ئەدەبیاتێکی سیاسی گرنگ بە فراوانی لەبەردەستی خوێنەرانی کوردی زماندا نەبووە. هەربۆیە بە پێویستمان زانی جارێکی تر تایپی بکەینەوە. تایپکردنەوەی تەواوی نامیلکە کۆنەکە بە هیمەتی پەیمان غەریب چووە پێشەوە.

هەڵەبژێری و بەراورد و پیاچوونەوە بە نامیلکەکە و تایپکردنە تازەکە و هاوکاتیش دەقی تەرجومە

کراوەکە من گرتمە ئەستۆ. من هەوڵم داوە لە هەندێ شوێندا کە پێم وایە زمانەکەی ئەکرا ڕۆشنتر بێت چاک و دەستکاری بکەم و لە هەندێ شوێنیشدا بە ناچاری هەندێ ووشەم گۆڕیوە. لە کاتی بەراورددا هەر دوو دەقی فارسیەکە و ئینگلیزەکەم بەکارهێناوە تاکو لە هەر شوێنێک پێویست بە گۆڕین بوویێت بتوانم بە باشترین شێوە بیکەم. لە هەندێ شوێندا وەرگێر مانای عەرەبی چەند ووشەیەک یان ڕۆشنکردنەوەی هەندێ ووشەی خستۆتە ناو کەوانەی بچووکەوە، واتە (...)، بەڵام گەر لە شوێنێک پێویست بوویێت من ئیزافەیەک بکەم یان شتێک ڕۆشن بکەمەوە خستوومەتە ناوی کەوانەی گەورەوە، واتە [...]. بەمجۆرە هیوام وایە توانیبێتمان بە دووبارە تایپکردنەوەی ئەم باسە زۆر گرنگەی مەنسوور حیکمەت جێگەیەك پڕ بکەینەوە.
جەمال موحسین
سەرەتای جونی 20

# مارکسیزم و جیهانی ئەمڕۆ

**ئینتەرناسیۆنال**

پاشەکشەی سۆڤیەت و بلۆکی ڕۆژهەڵات بە تێکشکانی سۆشیالیزم و کۆتایی هاتنی کۆمۆنیزم ناو دەبەن. ئایا هیچ ڕاستیەک لە پشتی ئەم داڕشتنە ڕەسمی و باوەی بورژوازییەوە لەمەڕ ئەم ئاڵوگۆڕانە خۆی حەشارداوە؟ بە ڕای ئێوە تاچ ڕاددەیەک دەتوانرێت بووترێت تێکڕمانی بلۆکی ڕۆژهەڵات یان تەجروبەی سۆڤیەت بەشێوەیەکی گشتی تاقی کردنەوەیەکی سەرنەکەوتووی کۆمۆنیزم و سۆشیالیزم بووە؟

**مەنسوور حیکمەت**

تا ئەو جێگایەی کە پەیوەندی هەیە بە سۆشیالیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاریی و مارکسیزم وەک چوارچێوەی فیکری و تیئوری ئەو، ئەم ڕووداوانە نە تێکشکانی سۆشیالیزم دەردەخەن و نە کۆتاییهاتنی کۆمۆنیزم. ئەمە تێکشکان و کۆتاییهاتنی جۆرێکی دیاریکراوە لە سۆشیالیزمی بۆرژوازی و مۆدێلێکی سەرمایەداری دەوڵەتی کە بنەماکەی پێکدەهێنا. ئەو ڕاستیەی کە سۆڤیەت وولاتێکی سۆشیالیستی نەبوو، ئەو ڕاستیەی کە سۆڤیەت بە تەواوەتی نامۆ بوو بە ئاسۆی مارکسیستانە بۆ سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم، نەک تەنها بۆ بەشی هەرە زۆر و لەڕاستیدا زۆرینەی ئەو توێژەی کە هەرچۆنێک بێت خۆی بە کۆمۆنیست ناودەبرد ڕۆشن بوو، بەڵکو تەنانەت موفەکیران و سۆڤیەتناسانی جۆراوجۆری بۆرژوا دانیان پیادا دەنا. پێداگریی ئەمڕۆی ئایدیۆلۆژی ڕەسمی بۆرژوایی لەسەر ناوبردنی سەرلەنوێی سۆڤیەت بە کۆمۆنیزم و مارکسیزم و درز تێکەوتنی کۆمەڵە لێکدانەوە و تەفسیرەکانی تا ئێستای زۆرێک لە چاودێران و ئەکادیمیە بۆرژواییەکان کە پێچەوانەی ئەم شتەی دەسەلماند، نووکی ڕمێکی تەبلیغاتییە لە هێرشێکدا کە ئەمڕۆ لەسەر زەمینەی تێکشکانی بلۆکی ڕۆژهەڵات دەکرێتە سەر مارکسیزم و کۆمۆنیزمی ڕاستەقینەی کرێکاریی. دەڵێن سۆشیالیزم تێکشکاوە بۆ ئەوەی بتوانن تێکیبشکێنن، دەڵێن کۆمۆنیزم کۆتایی هاتووە بۆ ئەوەی بتوانن کۆتایی پێبێنن. ئەمانە هەمووی خۆهەڵکێشان و هەرا و زەنای جەنگی بۆرژوازییە و هەر چەندە گوێ سووکتر بکرێت زیاتر دەلالەت لە زیندوو بوونی کۆمۆنیزم وەک ئاسۆی هەڕەشەیەکی کرێکاریی لە کۆمەڵگای بۆرژوازی دەکات.

خودی پاشەکشەی بلۆکی ڕۆژهەڵات لەم چەند ساڵەی دواییدا داوەرییەک لەبارەی سۆشیالیزم و کومۆنیزمەوە نادات بەدەستەوە، چونکە سۆڤیەت و بلۆکی ڕۆژهەڵات بە هیچ پێودانگێک، هەر لە پێودانگی ئابوری و سیاسیەوە تا ئیداری و ئایدۆلۆژی، نوێنەرایەتی کۆمۆنیزم و سۆشیالیزمیان نەکردووە. بەڵام بێ گومان تەجروبەی سۆڤیەت بە گشتی تاقیکردنەوەیەکی سەرنەکەوتوو بووە بۆ شۆڕشی

کرێکاریی ئۆکتۆبەر. ئێمە بۆچوونی خۆمان سەبارەت بەم مەسەلەیە پێشتر لە بۆڵتنەکانی مارکسیزم و مەسەلەی سۆڤیەتدا خستۆتەڕوو. بە بۆچوونی من شۆڕشی کرێکاریی ساڵی1917 توانی دەسەڵاتی سیاسی لە چنگ بۆرژوازی دەربێنێت و بەسەر هەوڵ و تەقەلا ڕاستەوخۆ سیاسی و سەربازییەکانی چینە دەسەڵاتدارە سەرنگون کراوەکانی ڕوسیادا کە دەیانوویست نیزامی سیاسی کۆن بگێڕنەوە سەرکەوێت. بەڵام لەم قۆناغە بەدواوە چارەنووسی شۆڕشی کرێکاریی ڕاستەوخۆ بەسترابۆوە بەوەوە کە ئایا توانای گۆڕینی شۆڕشگێڕانەی پەیوەندییە ئابوریەکانی هەیە یان نا و بەرنامەی ئابوری سۆشیالیستی چینی کرێکار دادەمەزرێنێ یان نا، وە لێرەوە بوو کە شۆڕشی ڕوسیا نەیتوانی پێشڕەوی بکات. بە دەوڵەتی بوونی سەرمایە و خاوەندارێتی دەوڵەتی بەسەر هۆیەکانی بەرهەم هێناندا جێی مەسەلەی بە ئیشتراکی کردن و گۆڕینی تەواوی هۆیەکانی کارکردن و بەرهەمهێنان بە موڵکی گشتی هاوڵاتیانی گرتەوە. کرێ و کاری بە کرێ، پارە، بەهای ئاڵوێر (القیمة التبادلیة) و جیابوونەوەی چینی بەرهەمهێنەر لە هۆیەکانی بەرهەمهێنان لە جێی خۆیان مانەوە. لە نیوەی دووەمی دەیەی بیستدا بینای ئابوریەکی میللی بە پێی ئەلگۆی سەرمایەی دەوڵەتی، کە بە کردەوە بەهۆی ڕوودانی شۆڕشێکی کرێکارییەوە تەنها ئەڵتەرناتیڤی لە ڕووی مێژووییەوە مومکینی بورژوازی بوو بۆ پاراستنی پەیوەندییەکانی سەرمایە لەم وولاتەدا، بووە بنەما و ناچار لەگەڵ پتەو بوونی ئابوریانەی سەرمایەدا، سەرکەوتنی سیاسی چینی کرێکاری ڕوسیاش زەوت کرایەوە. لە جێی حکومەتی شۆڕشگێرانەی کرێکاریی سەردەمی لینین، بیروکراتیەتێکی بۆرژوازیانەی متمرکزی دەوڵەتی بەسەر سۆڤیەتدا زاڵ بوو. لە سۆڤیەت ناسیونالیزمی بۆرژوازی، پشت بەستوو بە ئەلگۆیەکی دەستکاریکراوی سەرمایەداری، بەسەر کۆمۆنیزمدا سەرکەوت. تەواوی ئەم دیاردەیە لەمڕۆدا هاتۆتە دواوە. نەک پاشەکشە بەڵکو پەیدا بوونی ئەم دیاردەیە شایەتی سەرنەکەوتوویی سۆشیالیزمی کرێکارییە. کە ئەم مەسەلەیەش ناگەڕێتەوە بۆ ئەمڕۆ و ئاڵوگۆڕەکانی ئەمڕۆ.

سەبارەت بە هۆیەکانی ئەم کەموکورییە دەتوانرێت زۆر شت بووترێت. بەکورتی، وای بۆ دەچم کە دەرسی بنەڕەتی تەجروبەی سۆڤیەت بۆ مارکسیستەکان ئەوەیە کە شۆڕشی کرێکاریی هەر وەک چۆن مارکسیزم بە تایبەتی لە بارەی تەجروبەی کۆمۆنەی پاریسەوە تەئکیدی لێ کردۆتەوە بە بێ بەجێ گەیاندنی ئەرکە ئابوریەکەی خۆی، بە بێ بەرپاکردنی شۆڕشێک لە بنەمای ئابوری کۆمەڵگادا، هەر تێکدەشکێت و هەر سەرکەوتنێکی سیاسی بەبێ ئەم شۆڕشە ئابوریە سەرئەنجام دووچاری ناکامییە. شۆڕشی سۆشیالیستی ناتوانرێت بەش بەش بکرێت و دەبێت لە کولیەتی خۆیدا، وەک شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بە سەرکەوتن بگات. شۆڕش بەسەر پەیوەندییە ئابوریەکاندا، پێویستە بەڕاستی شۆڕش بێت نەک سەپاندنی کۆمەڵە ڕیفۆرمێک بەسەر نیزامی ئێستادا. بنەمای ئەم شۆڕشە هەڵوەشاندنەوەی کاری بەکرێ و ئیشتراکی کردنی تەواوی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و دابەش کردنە. ئەم کارە هەرگیز ئەنجام نەدرا لە سۆڤیەت.

**ئینتەرناسیۆناڵ**

دەورانی گرنگ لە مێژووی سۆڤیەت و بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا کاریگەری تەکاندەریان لەسەر گشت بزووتنەوەی ناوبراو بە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و شەخسیەتی سۆشیالیزم هەبوو. دادوەرییەکانی(محاکمات) دەیەی سییەکان، باسە نهێنییەکانی خرۆشۆف دەربارەی پەردەهەڵماڵین لەسەر سەردەمی ستالین، داگیرکردنی هەنگاریا و دواتر چیکسلۆفاکیا هەر کامیان بوونە هۆی شەپۆلێک لە جیابوونەوە لە مارکسیزم و کۆمۆنیزم لەودیو سنورەکانی خودی بلۆکی ڕۆژهەڵاتەوە. بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئەوانەی پێشوودا بەراورد ناکرێت. سەبارەت بەم ڕەوەندە خێرایەی جیابوونەوەی "کۆمۆنیستەکانی" پێشوو لە مارکسیزم دەڵێن چی؟ بە پروای تۆ پاشەکشەی بلۆکی ڕۆژهەڵات تا چ ڕاددەیەک پێویستی پێداچوونەوە بە مارکسیزمدا دێنێتە ئاراوە؟

**مەنسوور حیکمەت**

مارکسیزم بەر لەوەی ڕستەیەک ئەحکام و پێشبینی بێت، ڕەخنەگرتنە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری. ڕۆشنە کە ئەم ڕەخنەگرتنە خۆی پشتی بە شیکردنەوەیەکی ئیسپاتی لە بنەماکانی ئەم نیزامە و ناکۆکییە دەرونییەکانی بەستووە. بە بۆچوونی من جیابوونەوە لە مارکسیزم جیابوونەوەیە لە حەقیقەت. هەزار سۆڤیەت بێت و بڕوات هیچ گۆڕانکارییەک لە ڕەخنەی من وەکو مارکسیستێک لە کۆمەڵگای

ئێستا، تێڕوانینێک کە سەبارەت بە کۆمەڵگایەکی شایستە بە ئینسانی ئازاد و سەبارەت بەو هێزە کۆمەڵایەتیەی کە بۆ بەدیهاتنی ئەم کۆمەڵگا نوێیە لە دڵی کۆمەڵگای ئێستادا هەمە، ڕوونادات. مارکسیزم تێروانینێکی یەکجار قووڵ و لە ڕووی میتۆدۆلۆژی و ناوەڕۆکەوە پتەو و مونسەجیمە سەبارەت بە کۆمەڵگای سەرمایەداری. مارکسیزم ڕەخنە و تاوانبارکردنی بەشێکی دیاری کراوی کۆمەڵگایە، واتە چینی کرێکاری بەکرێ، دژ بە پەیوەندییەکانی ئێستا. بەڕای من نەک تەنها ئاڵوگۆڕەکانی ئەمڕۆی سۆڤیەت بەڵکو تەواوی ڕاستییە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی سەردەمی ئێمە، تەواوی سەرقاڵییەکانی دنیای ئەمڕۆ و ئەو مەسەلانەی کە لە دەزگا گشتیەکان و زانکۆکان، لەمەیدانەکانی هونەر و ئەدەبیات و... هتدا وەک مەسەلەی بنەڕەتی کۆمەڵگای هاوچەرخ دەدرێنە بەر باس، هەموو ڕۆژە تەئکید لە ڕاست و دروستی تێڕوانین و ڕەخنەی مارکسیستیانە لەم کۆمەڵگایە دەکەنەوە. گاڵتەیان بە مارکس دەکرد کە پەیوەندییە ئابوریەکان بە بنەمای ژیانی سیاسی فەرهەنگی کۆمەڵگا دەزانێت. ئەمڕۆ لەهەر ڕێبوارێکی نێو شەقامەکان سەبارەت بە گەشەی ڕاسیزم و فاشیزم و ناسیۆنالیزم و تاوانکاری هەتا خراپ بوونی فڵانە شێوازی وێنەکێشان و مۆسیقایی پرسیار بکرێت، ئەمانە دەبەستێتەوە بە وەزعیەتی ئابوریەوە. مەلا لە ئێران مانەوەی دیانەت لەکارکردی بانقی مەرکەزی و وەزارەتی پیشەسازی و نرخی بەرامبەر یەکی ڕیاڵ و دۆلاردا دەبیننەوە. هەمووان دەزانن کە مەسەلە لە سەر قازانج و بەرهەمهێنەریی کارە(انتاجية العمل) [labour productivity]. هەموویان پڕ بە دڵیان دەزانن کە دەوڵەت وەسیلەی چ کارێکە و پۆلیس و سوپا بۆچی دروست کراون. هەموویان دەزانن کە لە ناوەندی کۆمەڵگادا کێشمەکێشێکی هەمیشەیی لە نێوان کرێکار و سەرمایەدار و کرێ وەرگر و کرێدەردا هەیە. ڕۆشن بۆتەوە کە تۆزقالێک ئازادی و ئینسانیەت لە کۆمەڵگادا بەستراوەتەوە بە ڕاددەی توانایی و هێزی کار و ڕێکخراوی کرێکارییەوە لەبەرامبەر دامەزراوەکانی سەرمایەداری و حزب و دەوڵەتەکانیاندا. ئەو چاوەڕوانییە لە ڕێکخراوە کرێکارییەکان کە دژی چەوسانەوە و ئیستبداد بن، دژی هەڵاواردن بن، خوازیاری خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و ... هتد بن، بووەتە چاوەڕوانیی سروشتی خەڵک. کرێکار بە ئازادی و خۆشگوزەرانی و بۆرژوازی بە هەڵاوردن و چەتەگەری و تاڵانی ناسراون. بە بۆچونی من سەدەی بیستەم سەدەی مارکسیزم و گشتی بوون و هەمەگیر بوونی لێکدانەوە مارکسیستیەکان بوو سەبارەت بە جیهانی سەرمایەداری. بەم پێیە تا ئەو جێیەی کە پەیوەندی بە مارکسیزمەوە هەیە وەک تێڕوانینێک کە باس لە ناسین و تەعریفی ڕاستەقینەی کۆمەڵگا دەکات، بەڕای من نەک هیچ پاساوێک لەئارادا نییە بۆ پێداچونەوەی ئەم بۆچوونە، بەڵکو ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییەی جیهان سەد ئەوەندە ڕاست و ڕەوابوونی ئەم بیر و بۆچونەی سەلماندووە.

بەڵام شەپۆلی دوورکەوتنەوە لە مارکسیزم هیچ پەیوەندییەکی بە ڕاست و دروستی یان هەڵەبوونی تەفسیری مارکسیستیەوە نییە. ئەمە ڕەوەندێکی سیاسییە. ئیختیارەکان سیاسیانەیە نەک زانستیانە. وانییە کە لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانەی سۆڤیەت لەناکاو تیشکی مەعریفە چووبێتە دڵی کەسێکەوە. ڕاست بوون یان ڕاست نەبوونی تەفسیری مارکسیزم بۆ کۆمەڵگا لێرەدا دەورێکی زۆر ناگێڕێ و ئەوانەی کە هەوڵ ئەدەن ڕواڵەتی پێداچوونەوەیەکی زانستییانە بدەن بەم پاشەکشە سیاسیەی چەپ لەئاستی کۆمەڵایەتیدا بە پڕوای من کەسانێکن کە کات بەفیڕۆ دەدەن و بە نرخی ڕۆژ نان دەخۆن. واقعیەت ئەوەیە کە هێرشی سیاسی و فکری بۆرژوازی بۆ سەر مارکسیزم و سۆشیالیزم، بە پشت بەستن بە لەناوچوونی بلۆکی سۆشیالیزمێکی درۆزن، فشارێکی سیاسی و تەبلیغاتی زۆری خستۆتە سەر باڵی چەپی کۆمەڵگا. ڕەوەندی ڕوو تێکردنی ڕۆشنبیرانی ڕیفۆرمیستی کۆمەڵگا لە مارکسیزم، کە تایبەتمەندی دەورەی تەواو بوونی جەنگی جیهانی دووەم تا ناوەڕاستی ساڵەکانی هەفتا بوو، پێچەوانە بووەتەوە. زۆری دەوێ تا ئەم شەپۆلە هێرشبەرانەیە پووچەڵ بێتەوە و پێویستە زەربەی کرێکاریی گرنگ بدرێ لە بۆرژوازی تا جارێکی تر ڕۆشنبیرانی بۆرژوا خۆناوبردنیان بە مارکسیست بە مایەی چوونە سەری ئیعتباریان بزانن. دەبێ لەسەر ئەم ڕاستیەش تەئکید بکەمەوە کە بەشێکی زۆری "مارکسیستەکان" لە واقعدا ناڕازیان و ڕەخنەگرانی غەیرە سۆشیالیستی کۆمەڵگای مەوجود بوون کە بە ڕەچاوکردنی ئیعتباری گشتی مارکسیزم لە بزووتنەوە ئیعترازییە دژی سەرمایەداریەکاندا ناچار ئەم بەرگەیان پۆشیبوو. ناسیونالیستەکان، ڕیفۆرمیستەکان، لایەنگرانی پیشەسازی لە جیهانی سێیەمدا، سەربەخۆییخوازەکان، موخالیفانی ئیحتکارات، کەمایەتیە زوڵم لێکراوەکان و بە شێوەیەکی گشتی چەندین دەستە و تاقمی جۆراوجۆر مارکسیزم و سۆشیالیزمیان کردبووە چوارچێوەی بەیانکردنی ئیعتراز و داواکاریەکانیان لە کۆمەڵگای ئیستادا. دوێنێ مارکسیزم مۆدێل بوو ئەمانە بوونە مارکسیست، ئەمڕۆ

"دیموکراسی" مۆدێلە و هەموویان لەدەوری خڕبوونەتەوە و جێبەجێبوونی هەمان ئامانج و خواست و ئارەزوویان لە دیموکراسی و بازاڕ چاوەڕوان دەکەن. جیابوونەوەی ئەمانە لە مارکسیزم لەم دەورەیەدا چاوەڕوان کراو و بە پڕوای من مایەی خۆشحاڵییە. ئەمە ئەگەرچی فەزا لە مارکسیزم تەسکتر دەکاتەوە، بەڵام کاری شکڵدان بە کۆمۆنیزمێکی کرێکاریی و مارکسیستی قووڵ لە زۆر ڕووەوە ئاسانتر دەکاتەوە.

بە پڕوای من پێداچوونەوەیەک بە مارکسیزمدا، ئەگەر مارکسیزم لەو کلێشانەی کە لە ژێر ئەم ناونیشانەدا بە درێژایی دەیان ساڵ بە مەبەستی ساغ کردنەوەی سیاسی جۆراوجۆر هێنراونەتە بازاڕ جیابکەینەوە، زەروری نییە. ئەوەی کە زەرورییە بەشداری تەحلیلی و نەزەریی جیدی مارکسیەکانە لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی تیئوری کۆمەڵایەتیدا. جێگای هەڵوێستی مارکسیستیانە سەبارەت بە لایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخ و ئەو ڕەوەندە یەکلاکەرەوانەی کە جیهانی ئەمڕۆ پێیاندا تێپەڕئەبێت، خاڵییە. پێ داگرتن و پشت بەستن بە مارکسیزم وەک جیهانبینی و تیئۆریەکی کۆمەڵایەتی بە مانای ووتنەوەی پایە گشتییەکانی مارکسیزم سەربەست لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی نییە. بەڵکو بە مانای بەشدارییە لە خەباتی فکری هەر سەردەمەدا وەک مارکسیست و هەڵوێست وەرگرتن و خستنەڕووی شیکردنەوە سەبارەت بەو گیروگرفتە نوێیانەی کە لە ڕەوەندی حەرەکەتی مێژوویی کۆمەڵگا و خەباتی چینایەتیدا دێنەگۆڕێ. ئێمە پێویستیمان بە پێداچوونەوە نییە لە تاکە تێڕوانینی ڕاست و ڕادیکالدا بۆ کۆمەڵگا، بەڵکو پێویستمان بە بەکارهێنانیەتی لە جیهانی هاوچەرخ و گیروگرفتە جۆراوجۆرەکانیدا.

**ئینتەرناسیۆنال**

سەبارەت بە لینین و لینینزم چۆنە؟ ئایا لینینیزم پێویستی بە پێداچوونەوە نییە؟ ئایا تۆ هەتا ئێستا خۆت بە لینینیست دادەنێیت؟

**مەنسوور حیکمەت**

زەمانە بە جۆرێکە کە پێش وەڵامدانەوە بەم جۆرە پرسیارانە دەبێت سەرەتا مەقولاتەکانمان پێناسە بکەین. ئەگەر قسە لەسەر هەڵسەنگاندنی واقعیانەی لینین، ڕاست و دروستی نەزەرات و پراتیکی ئەو لە بۆچونی مارکسیزمەوە و بەشدارییەتی لە بیرکردنەوە و کاری شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار و لەم جۆرە شتانە، دەبێت بڵێم کە بێگومان من لینینیستم. بە بۆچوونی من لینین مارکسیستێکی ڕەسەن بە لێکدانەوەیەکی تەواو دروستەوە لەم تێڕوانینە و ڕابەرێکی شایستەی بزووتنەوەی سۆشیالیستی چینی کرێکاری دنیا بوو.

لینینیزم وەک لەقەبێک و "ناونیشان"ی جیاکەرەوەی باڵە جیاوازەکان و مەیلی دیاریکراوی نێو بزووتنەوەی ناسراو بە کۆمۆنیزم، مێژووچەی خۆی هەیە و داهێنەرانی سەرەتایی ئەم لەقەبە لە سەردەمی ستالین یان کۆمەڵە ڕەوتێک کە لێک جیابوونەوەکانی دواتری نێو ئەم پایە ڕەسمییەی کۆمۆنیزم وەک مارکسیست_لینینیست ناسران، کەڵکیان لەم جۆرە ناونیشانە ڕێک هەروەک زۆرێک لە زاراوە مارکسیستییەکانی دیکە وەرگرتووە بۆ دەربڕینی جیاوازیەکان و بەرژەوەندییە ماددیە غەیرە سۆشیالیستیەکان. بە بۆچوونی من ئەمانە نەک تەنها خراپ کەڵک لێ وەرگرتن بوون لە ئیعتیباری لینین بەڵکو لینینیزم بەو دەربڕینەی کە من لە بارەیەوە هەمە، بەتەواوەتی لەبەرامبەر ئەم جۆرە " لینینیست"انەدا دەوەستێتەوە. قسەکەرانی بۆرژوازیش لای خۆیانەوە هەوڵ دەدەن سەرجەم تەجروبەی سۆڤیەت بدەنە پاڵ لینین و وەک درێژکراوەی سروشتیی ڕێبازی لینین لە قەڵەمی بدەن. بێگومان ئەمە ئەمڕۆ زیاتر بووە بە باو. ئەوان ئەوە لە یاد دەکەن کە لە ڕۆژی خۆیدا، لە پرگەی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا، تەنانەت خودی بۆرژوازیش بە ئاشکرا دانی ناوە بە جێگە و ڕێگەی لینینیدا وەک شۆڕشگێڕێکی ئازادی خواز و عەدالەتخواز. واقعیەت ئەوەیە کە لینینیزم نە لە بیروبۆچوون و کار و کردەوەی حزبە دەسەڵاتدارەکانی سۆڤیەت و چین و ئەلبانیادا نە لە تەجروبەی کۆمەڵایەتی و سیاسی سۆڤیەتدا نوێنەرایەتی نەکراوە. ئەم حزبانە و ئەم تەجروبەیە لەسەر بنەمای سڕینەوەی تەواوی لینین و بیروبۆچوون و ئامانجەکانی دامەزراون. لینین نوێنەری بەتین و تاوی یەکسانی و ئازادی و ئینسانیەت بوو. دیکتاتۆری و بیرۆکراتی و سەرکوتی میللی و سەرەگرتن بۆ نان و گۆشت، بە هیچ بیانوویەکەوە ناکرێت بدرێتە پاڵ لینین.

لە بواری بیرکردنەوە و پراتیکی مارکسیستیدا لینین جێگا و ڕێگایەکی بەرجەستەی هەیە. ئەمجۆرە داڕشتنانەی کە دەڵێت (لینینیزم مارکسیزمی سەردەمی ئیمپریالیزمە) و شتی لەو بابەتە بە

ڕای من بێناوەڕۆکە. پێویستە گرنگی لینین و ڕۆڵی دیاریکراوی لینین لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا لەو پەیوەندیە ڕۆشنەدا بدۆزینەوە کە ئەو لە نێوان تیۆری و پراتیکی شۆڕشگێرانەدا پێکیدێنێت. بە پرواى من لینین بەرجەستەکەری تەواو کەماڵی وەفادارییە بە تەعبیرەکەی مارکس لە کۆمۆنیزم وەک "ماتریالیزمی پراکتیک". ڕۆڵی تایبەتی لینین تێگەیشتنە لە دەوری ئیرادەی شۆڕشگێرانەی چینی کرێکار لە ڕەوتی ماددی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا و تێگەیشتنە لە بواری پراکتیکی توخمی هەڵسوراوی شۆڕشی کرێکاریی لەسەر بنەمای مەسەلە مەوزوعییە کۆمەڵایەتییەکانی هەر قۆناغێک. لینین پاشەکشەی بە تێروانینی تەکامولییانە و ئینفیعالیانەی زاڵ بەسەر نێو نەتەوەیی دووەمدا کرد و هەمان تێگەیشتنی ئاکتیڤانەی لە کۆمۆنیزم بە دەستەوەدا کە جێی مەبەستی مارکسە. ئەگەر بمەوێت باسەکەم سادە بکەمەوە، سۆشیالیزمی پێش لینین بە گشتی "زەرووری و حەتمی بوون"ی سۆشیالیزم لە مارکسەوە فێربووە. لینین تەئکید لە "مومکین بوون"ی سۆشیالیزم دەکاتەوە لەم چەرخەدا و بە عەمەلی دەست بەکار دەبێت بۆ بەدیهاتنی. تێگەیشتنی لینین بۆ مێژوو و بۆ ڕۆڵی پراتیکی شۆڕشگێرانەی چینەکان لە گۆڕانگاری مێژوویدا بە قووڵی مارکسیستیانەیە. لینین جێ بۆ ئەم پراکتیکە دەکاتەوە و ڕێکیدەخات. دەزانم کە لێکدانەوەکانی دواتر و بە گشتی لێکدانەوە ووردە بۆرژواییەکان سەبارەت بە گرنگی توخمی هەڵسوراو (العامل الذاتی) و پراتیکی شۆڕشگێرانە مەیلێکی ئیرادەگەریانە و ئێلیتیستی (نوخبەوی) و پیلانگێرانەی لە سۆشیالیزمدا دروست کرد. بەڵام هەر لێووردبوونەوەیەکی سادەی تێروانینەکان و پراکتیکی سیاسی لینین نیشانی دەدا کە ئەو بێ بەرییە لەم ئیرادەگەرێتیە. چونکە یەکەم: کاری شۆڕشگێرانە بۆ لینین مەفهومێکی کۆمەڵایەتی و چینایەتی هەیە و دووەم: لینین بە هیچ جۆرێک لە هەلومەرجی مەوزوعی و مەوزوعیاتی کۆمەڵایەتی کە مەودای پراکتیکی شۆڕشگێرانەی چین دیاریکراو و بەمەرج دەکاتەوە، داناپڕێت و پشتگوێی ناخات.

بە پرواى من بۆ هەر کەسێک کە سۆشیالیزم نەک وەک ئایدیاڵێکی جوانکاریی بەڵکو وەک مەسەلەیەکی خێرا و عەمەلی سەیر دەکات، بۆ هەر کەسێک بیر لە بەدیهاتنی عەمەلیانەی سۆشیالیزم و شۆڕشی کرێکاریی دەکاتەوە، لینین وەک بیرکەرەوە و ڕابەرێکی سیاسی هەمیشە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی فێربوون و ئیلهام وەرگرتن دەبێت.

**ئینتەرناسیۆنال**

لایەنێکی سەرەکی لە هێرشی دژی سۆشیالیستی ئێستادا لایەنی ئابوریەتی. تێکشکانی سۆڤیەت برەوی داوە بەو حوکمەی کە سەرمایەداری و بازاڕ باشترین و لێهاتووترین و مومکینترین ئەلگۆی ئابوریە کە کۆمەڵگای ئینسانی بە درێژایی مێژوو بینیویەتی. تۆ وەک مارکسیستێک چۆن وەڵامی ئەم ئیدیعایە دەدەیتەوە؟

**مەنسوور حیکمەت**

لێرەدا پێویستە دوو مەوزوع لێک جیا بکەینەوە. یەکێکیان بەراورد کردنی کارکردی مۆدیلە جیاوازەکانی سەرمایەدارییە لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و دووەم بەراورد کردنی سەرمایەدارییە (چ مونافەسەیی بێت یان هیتر) لەگەڵ سۆشیالیزمدا وەک ئەڵتەرناتیڤێکی ئابوری و کۆمەڵایەتی. سۆشیالیزم بەو مانایەی کە جێی مەبەستی مارکسیستەکانە تا ئەمڕۆ بە کردەوە لە هیچ جێیەک بەرپا نەبووە. ئێمە لەو باوەڕەدا نین کە نیزامی ئابوری لە سۆڤیەت لە هیچ پرگەیەکدا لە تێروانینی کرێکاریی و مارکسیستەوە بتوانرایە بە سۆشیالیستی ناو ببرێت. بەم پێیە دواتر دێمەوە سەر مەسەلەی سەرمایەداری و سۆشیالیزم و سەرەتا ئیشارەت بە چەند خاڵێک دەدەم سەبارەت بە مۆدێلە جۆراوجۆرەکانی گەشەی سەرمایەداری لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات.

ئایا سەرمایەداری پشت بەستوو بە بازاڕ و مونافەسە "باشترین، لێهاتووترین، مومکینترین" ئەلگۆی ئابوریە بۆ کۆمەڵگا کە تا ئێستا بە کردەوە هەبووە؟ بۆ ئەوەی لە بنەڕەتەوە بتوانرێت وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە پێویستە پێودانێکی پێناسە کراو بۆ داوەریکردنی باشتر بوون و خراپتر بوون و لێهاتووتر بوون و لێهاتووتر نەبوونی سیستمە ئابوریەکان لە دەستدا بێت. ئەم ووشانە یەکجار زاتی و ناڕۆشنن، چونکە بەبێ ئەوەی کە موفەسیرەکە چ چاوەڕوانییەکی لە ئەلگۆی ئابوری هەبێت، پێودانی تەشخیس کردنەکە دەکرێت بگۆڕێت. ئەمە لە خودی زانستی ئابوری بورژوازییدا ماوەیەکی زۆر مەوزوعێکی جێ باس و لێکۆڵینەوە بووە. گەشەی چەندایەتی ئابوری، گەشەی تەکنیکی، شێوازی دابەشکردنی سامان،

بنەمای پیاشەسازی، ئاستی کارکردن، مەرغوب بوونی بەرووبووم، خۆبژێوی (الاکتفاء الذاتی) یان مەوقعیەتی پتەو لە بازاڕی جیهانیدا و... هتد لە خودی مەکتەبە جیاجیاکانی ئابوری بۆرژوازییدا وەک پێودان و پێوەری جیاواز و تەنانەت دژ بە یەک بۆ پێناسەکردنی ئەلگۆکانی بەرهەمهێنانی باشتر و خراپتر بەکار هێنراون و مەکتەبە ئابوریەکان و حزبە سیاسییە بۆرژوازییە جیاجیاکانی کێشاوەتە ململانێوە. لە بەرامبەر خەسڵەتی"لێهاتووترین و مومکینترین" مۆدیلی ئابوریدا دەکرێت پرسیار لەوە بکەین کە "لێهاتووترین و مومکین ترین" ئەلگۆی ئابوری بۆ چ کۆمەڵگایەک، لە چ دەورەیەکدا و بەکام گیروگرفتەوە؟ ئەمە خۆی بە تایبەتی مەسەلەیەکی کۆنی ئابوری گەشەکردن (الاقتصاد التنموی) بووە. بۆ نموونە، مۆدیلی بازاڕی ئازاد بۆ سەرمایەداری و بۆرژوازی ڕووسیا پاش شۆڕشی کرێکاریی ئۆکتوبەر هەرگیز ئەڵتەرناتیڤێکی مومکین و لێهاتوو نەبوو. مێژووی بەشی هەرەزۆری وڵاتانی دواکەوتووتر(یان تەنانەت وڵاتانی وەک یابان) شایەتی ئەو ڕاستیەن کە تەنانەت دروست بوونی بازاڕی ناوخۆی کار و کاڵا لە قۆناغەکانی یەکەمدا یان پێکهێنانی بنەمایەکی سەرەتایی و ئەوەڵی بۆ پیشەسازی، وەلانانی قۆناغی پێش سەرمایەداری و شتی لەم بابەتە بەبێ دەخاڵەت کردن لەسەرەوە لە میکانیزمی بازاڕدا نەدەتوانرا بکرێت. مێژووی خودی سەرمایەداری ڕۆژئاوا پڕە لەو سەردەمانەی کە دەوڵەت ناچاربووە بەشداری بکات لەمیکانیزمی بازاڕدا بۆ زاڵ بوون بەسەر قەیران و کەسادەکاندا یان بە مەبەستی هێنانە ناوەوە و نوێ کردنەوە تەکنۆلۆژیەکان. هەر ئەمڕۆش، زاراوەی مونافەسە و بازاڕی ئازاد ناتوانێت، بەبێ دەستکارییەکی گرنگی ئەم چەمکانە، بەکاربهێنرێت بۆ وەسف کردنی تایبەتمەندیەکانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا چونکە دەوڵەت و ئیحتکاراتە غەیرە دەوڵەتییەکان دەوری بنەڕەتییان هەیە لە بواری وەگەڕخستنی سەرمایەکان و دیاریکردنی مؤشراتە ئابوریەکانی وەک نرخەکان، پێکهاتەی بەرهەمهێنان، نیسبەتی گەشە، ئاستی کارپێکردن و ... هتد.

لەگەڵ ئەمەشدا، بەڕای من، کاتێک بەرگریلێکەرانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا باشتربوونی مۆدیلی ئابوری ڕۆژئاوا لەچاو ڕۆژهەڵاتدا ڕادەگەیەنن چ بە بەکارهێنانی پێوانەکانی خودی کۆمەڵگای سەرمایەداری و چ لە ڕووی مؤشراتە چەندایەتیەکانی کارکردی ئابوری دوو بلۆکەکەوە بێت لە ئاستێکی فراوانتری مێژوویدا، بەتەواوەتی ڕاستیان ووتووە. مۆدیلی ئابوری سۆڤیەت، وەک مۆدێلێکی ئیسڵاحکراوی سەرمایەداری، نەیتوانی چوارچێوەیەکی گونجاوتر و لێهاتووتر بۆ کەڵەکەی سەرمایە و هێورکردنەوەی ناکۆکییە دەروونییەکانی شێوەی بەرهەمهێنانی بنیاتنراو لەسەر سەرمایە بدات بە دەستەوە. خەسڵەتی جیاکەرەوەی بنەڕەتی سەرمایەداری جۆری سۆڤیەت هەوڵێک بووە بۆ دوورخستنەوەی میکانیزمی بازاڕ لەلایەن سیستەمێکی ئیدارییەوە، ئەوەی کە پێی دەووترێت بەرابەرکێی بەرنامە و بازاڕ. لە نێوبردنی میکانیزمی بازاڕ مومکینە، بەمەرجێک گشت بنەمای ئابوری سەرمایەداری، یانی کاڵابوونی هێزی کار، لەئارادابوونی سیستەمێکی نرخ دانان وەک بنەمای ئاڵوێر و دابەشکردنی بەرهەم لە نێوان بەشەکان و تاکە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا، ئابوریەکی بنیاتنراو لەسەر پارە و... هتد بەتەواوەتی لە ناوببرێت. بەڵام هێشتنەوەی ئەم پەیوەندییانە و لە هەمان کاتیشدا لابردنی بازاڕ وەک سەکۆیەکی دیاریکردنی ماددییانەی ئەم پەیوەندی و مەقولاتانە و میکانیزمێک کە پێکیانەوە دەبەستێت مومکین نابێت بەبێ پەکخستنی جددیانەی کارکردی سەرمایەداری. هەر ئەمەش بوو کە لە سۆڤیەت ڕوویدا. ئەوەی کە لە سۆڤیەت ڕوویدا جێگرتنەوەی بازاڕ نەبوو بە بەرنامە، بەڵکو گواستنەوەی ئەرکەکانی(وظائف) بازاڕ بوو بۆ کۆمەڵە دامەزراوێکی بڕیاردەری ئیداری.

لە سیستەمی سەرمایەداریدا بازاڕ(سەربەست لە سنووری مونافەسە و ئیحتکار) کۆمەڵە ئەرکێکی ئاڵوز و جۆراوجۆر ئەنجام دەدات. دەبێت چی بەرهەم بهێنرێت، چەندە بەرهەم بهێنرێت، چ تەکنیکێک دەبێت بەکار بهێنرێت، دەبێت چەندە سەرف(استهلاک) بکرێت، چ کەسێک دەبێت سەرف بکات، هەلومەرجی بەرهەمهێنان، هۆیەکانی بەرهەمهێنان و هێزی ئینسانی لە چ بارودوخێکدا و لە کام بەشەدا دەبێت وەگەڕبخرێت، نرخ و بەهای کاڵاکان هەر لە هێزی کارەوە بگرە تا هۆیەکانی بەرهەمهێنان و بەکارهێنان لەهەر دەورەیەکدا چییە، کام سیستمی بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردن دەبێت بەکاربهنرێت، کام پێداویستیانە دەبێت دابین بکرێن و کام پێداویستیانە دەبێت پشت گوێ بخرێن، ئابوری بەرەو چ ئاڕاستەیەک ئەڕوات، کام هۆیانەی بەرهەمهێنان دەبێت لاببرێت، کام تەکنیک دەبێت بخرێتە لاوە؟ و... هتد. بەو ڕاددەیەی کە کۆمەڵگا لە ڕووی پیشەسازی و بەرهەم هێنانەوە گەشە دەکات و بەرهەم و پێداویستیەکان زیاتر جۆراوجۆر دەبن، ڕۆڵی بازاڕ ئاڵوزتر و ئاڵۆزتر دەبێت. وەلانانی ئەم میکانیزمە و سپاردنی دیاریکردنی ئەم مؤشرات و نیسبەت و گواستنەوانە بە دامەزراوە ئیدارییەکان، درەنگ یان زوو

سەرمایەداری دەگەیەنێتە بنبەست. بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ئیدعای سۆڤیەت ئەوە بوو کە بە پێچەوانەی ڕۆژئاواوە ئەم ڕووبەڕووی دیاردەی وەک قەیرانە دەوریەکان و بێکاری نییە. بەڵام بۆ سەرمایەداری ئەم قەیران و بێکاری و رکود و گەشە دەوریانە، میکانیزمەکانی بازاڕن بۆ گونجاندنی سەرمایە لەگەڵ ناکۆکییە ئابوریە پایەییترەکاندا. ئەمانە شێوازەکانی یەکهاتنەوەی سەرمایەن لەگەڵ گەشەی هێزە بەرهەم هێنەرەکان لە جەرگەی ئەم نیزامەدا، کۆمەڵە میکانیزمێکن کە تیایاندا سەرمایە خۆی نوێ دەکاتەوە و لەگەڵ گەشەی چەندایەتی و چۆنایەتی (تەکنۆلۆژیانەی) هێزەکانی بەرهەمهێناندا دێتەوە. هەموو شێوەکانی بەرهەمهێنان بە درێژایی مێژوو، بەهەر ڕاددەش چەوسێنەرانە و چینایەتیioبووبن، لە دوا شیکردنەوەدا ڕێکخراوێک بوون بۆ فراوان کردنی ڕاددەی بەرهەمهێنان، گەشەی تەکنۆلۆژیانەی بەرهەمهێنان و دابینبوونی پێداویستیە ئابوریەکان. ئەگەر ئەمڕۆ لە بنەڕەتدا بکرێت شتێک لەبارەی ئابوری سۆڤیەتەوە بووترێت ئەوەیە کە ئەم مۆدێلە، لە سەردەمێکی دیاریکراودا لەم ڕووەوە گەیشتە بنبەست. تەجروبەی سۆڤیەت نیشانیدا کە بازاڕ خۆی لێهاتووترین هۆکارە بۆ موحاسەبەی ئابوریانە و ڕێکخستنی هاوکێشە ئابوریەکان لە نیزامی سەرمایەداریدا و تەنانەت ئەگەر لە ژێر هەلومەرجی تایبەتیدا لابردنی میکانیزمی بازاڕ و سپاردنی ئەرکەکانی بە سیستمێکی ئاگادارکردنەوەی ئیداری لە نێوان بەشە ئابوریە دیاریکراوەکاندا مومکین بێت، لە درێژ ماوەدا گەشەی تەکنیکی و جۆراوجۆربوونی پێداویستیەکانی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی کۆمەڵگای سەرمایەداری، ئەم شێوازە دەگەیەنێتە بنبەست.

ئەمڕۆ بازاڕ تۆڵە لە سیستمی ئابوری سۆڤیەت دەکاتەوە. قەیرانە لە ئارادا نەبووەکان، بێکاریە شاردراوەکان، نرخە لە خوارەوە ڕاگیراوەکان، پیشەسازییە کۆمەک پێکراوەکان لەلایەن دەوڵەتەوە و... هتد لە ناکاو جێی خۆیان دەدەن بە بێکاری ملیۆنی، هەڵاوسانی سەر سوڕهێنەر و کارگەی لەکار کەوتوو. ڕۆشن دەبێتەوە کە بە درێژایی ئەم ماوەیە مەنتقی بازاڕ بە شێوەیەکی پێچەوانە و مەنفی ئیشی خۆی کردووە. مۆدێلی سۆڤیەت، ئەویش بەڕاددەیەکی زۆر بەهۆی توانای هەڵخڕاندنێکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی کە بەرهەمی ئاوێزان بوونە لەگەڵ میراتی شۆڕشی کرێکاریی ئۆکتۆبەردا، لەگەشەی سەرەتایی پیشەسازی لەم وڵاتە و پێکهێنانی ژێربینایەکی ئابوریدا ڕۆڵێکی کارای گێرا. بەتایبەتی تا ئەو کاتەی کە گەشەی بەرهەمهێنان لە بنەڕەتدا پشتی بەست بوو بە بەکارهێنانی زیاتری هێزی ئینسانی و بەدەستهێنانی زێدەبایی ڕەها (فائض القيمة المطلق) و ئەم هێزە ئینسانیەش لە بەشی دێهاتیەوە قابیلی دابین کردن بوو، لاوازییەکانی ئەم سیستمە بەرجەستە نەدەبوو. بەڵام لەم قۆناغە واوەتر، بەتایبەتی کاتێک کە بەرهەمهێنانی زێدەبایی نسبی(فائض القيمة النسبي) لە ڕێگەی باشکردنی تەکنیکی بەرهەمهێنانەوە گرنگی پەیدا دەکات، کاتێک کە پێداویستیەکانی کۆمەڵگا بە بەکارهێنان و بەرهەمهێنانەوە هەمەجۆری پەیدا ئەکات، کاتێک کە مەسەلەی مەرغوبیەتی بەروبوومەکان چ لەبەرهەمهێنان و چ لە بەکارهێناندا بایەخ پەیدا دەکەن، ئەم سیستمە لاوازی بنەڕەتی خۆی نیشان دەدات. سۆڤیەت نەیتوانی لە شۆڕشی تەکنیکی دوو دەیەی دواییدا بەشداری بکات. مۆدێلی سۆڤیەت، هەلومەرجی دابین کردنی پێداویستیە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی ئابوریەکی پێشکەوتووی نەبوو. هەر بۆیە لە گۆشەنیگای سەرمایەوە ئەم مۆدێلە کەڵکی لێ وەرناگیرێت و مۆدێلی ڕۆژئاوا، سەرمایەداری پشت بەستوو بە ڕۆڵی میحوەری بازاڕ، هێشتا بە تاکە مۆدێلی لێهاتوو و مومکین دادەنرێت.

لەوانەیە بووترێت کۆمەڵگای سۆڤیەت کۆمەڵگایەکی عادلانەتر بوو. تەئمینی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی ئابوری زیاتر بوو، جیاوازی چینایەتی کەمتر بوو... هتد. لە گۆشەنیگای بۆرژوازی ڕۆژئاواییەوە عەدالەتی ئابوری بە ناچاری پێوەری باشتر بوونی کۆمەڵگایەک نییە. باڵی چەپی بۆرژوازی، سۆشیال دیموکراتی و مەیلە نزیکەکانی لە بنەڕەتدا بۆ ڕزگاربوون لە هەڵچوونی هەژاران لە لانکی پیشەسازی و مەدەنیەتدا ئەم مەقولەیەی هێنابووە ناو سیستمی ئابوری خۆیەوە و هەمیشە بە ڕەچاوکردنی هەڵچوون و داچوونی ڕاددەی [کێرڤی] قازانج دەستبەرداری بووە و وازی لێ هێناوە. ئێمەش وەک کۆمونیست و کرێکار، ئەڵتەرناتیڤی خۆمان هەیە بۆ عەدالەتی ئابوری. مەسەلەی ئێمە یەکەم، هێنانەکایەوەی نیزامێکە کە لەسەر ئەم عەدالەتە ئابوریە دروست بووبێت، ئەم عەدالەتە ئابوریە هەمیشە دووبارە بەرهەم بێنێتەوە و لە بنەڕەتدا لەسەر ئەم بنەمایە گەشە بکات. چل ساڵ "عەدالەت" لە کەڵک وەرگرتن لە ئیمکاناتی کەم و تەسک ئەویش بە کاری تاقەت پڕوکێن و دواتر کەوتنە ناو هەژاری و بێکاری موتڵەقەوە و کەوتنە داوی کۆنەپەرستی ئابوری و سیاسی و فکری لە پەت بەربوو، جێگای

خۆشحالی ئێمە نییە. دووەم، ئێمە جێگایەکی حەیاتی دەدەین بە گەشەی ئابوری، پێشکەوتنی تەکنیکی و پەرەگرتنی هەلومەرجی بەرهەمهێنان و چوونە سەری ئاستی بەکارهێنان و خۆشگوزەرانی و کاتی حەوانەوەی کۆمەڵگای ئینسانی. دابەشکردنی کەموکورییەکان ئەڵتەرناتیڤی ئێمە نییە. هەر کەموکورییەک هەبێت، بێ ئەملاولا دەبێت هەموان لە ئەستۆی بگرن، بەڵام سۆشیالیزم ئابوری پەرەگرتنی ئیمکاناتی ئینسانەکان و ئابوری دابین بوونی هەرچی زیاتری پێداویستیە ماددی و مەعنەوییەکانیانە.

بەڵام سەبارەت بە ڕووی دووەمی پرسیارەکە لە بەرامبەر ئەو ئیددیعایەدا کە سەرمایەداری، ئەویش مۆدێلە ڕۆژئاوایی و "سەرکەوتوو"ەکەی، باشترین و لێهاتووترین نیزامی لەدەست دابوو و مومکینی تا ئێستا بووە بۆ ئینسان، دەتوانرێت چی بووترێت. نیزامێکی ئابوری یەکجار باشتر بۆ ژیانی ئینسان بە درێژایی ئەم سەدەیەی ئێستا مومکین و مەترەح بووە. ئەگەر ئینسانەکان ئەمڕۆ لە پەیوەندییە سۆشیالیستییەکاندا ژیان بەسەر نابەن لەبەرئەوەیە کە نیزامی کۆن بە چنگ و ددان، بە کوشتار و ئازار و ئەشکەنجە و تۆقاندن و گێژکردن و جیاوازی نانەوە، بەرگری لە خۆی دەکات. ئەم نیزامە باشترە پێناسەکراوە. ملیۆنەها ئینسان لە پێناو ئەم نیزامەدا جەنگیون و دەجەنگن. ئەوەی کە سەرمایەداری باشترین نەزمی ئابوریە گەورەترین درۆی مێژووی بەشەرە. دزێوی لەسەر و کەڵلەی ئەم نیزامە دەبارێت. لە کاتێکدا کە سەدان ملیۆن ئینسان جێ و ڕێی نیشتەجێ بوونیان نییە، خزمەتگوزاری تەندروستییان نییە، لە قوتابخانە بێ بەشن، لە خۆشی بێبەشن و تەنانەت هەندێکیان خواردنیان نییە، هۆیەکانی بەرهەم هێنان و دەستە بەرکردنی ئەم پێداویستیانە ئیش ناکەن و لەکار کەوتوون و دەیان ملیۆن ئینسان کە دەتوانن ئەم هۆیانە بخەنە گەڕ و ئەم کەموکوریانە نەهێڵن، بێکارکراون. کەسانێکیان تەرخان کردووە بۆ ئەوەی کە ئەگەر بێتوو کرێکاران لە خۆیانەوە دەست بدەنە ئەم هۆکارانەی بەرهەمهێنان گوللەبارانیان بکەن. پۆلیس لە لانکی شارستانێتی ڕۆژئاوادا مەعدەنچییەک کە دەیەوێت سووتەمەنی بەرهەم بهێنێت، کوتەککاری دەکات و دەیخاتە زیندانەوە. بەبار گەنم و کەرە لە عەمارەکانی بازاڕی ئەوروپیدا بۆگەن دەکات و کەمێک لەولاتر خەڵک خەریکە لە برسان دەمرن. پێویست ناکات نمونە لەسەر لەشفرۆشی و هەژاری و بێ خانەو لانەیی و برسێتی یان لەسەر وەزعیەتی خەڵک لەووڵاتانی دواکەوتوودا بێنینەوە. لەخودی ئەمریکا 30 ملیۆن کەس لە ژێر ڕاددەی هەژارییەوە دەژین، 10 ملیۆن منداڵ لە بیمەی دەرمانی بێ بەشن، لە نیویۆرکەوە تا لۆس ئەنجلس بێ مەسکەنیی بە لێشاوە. لەشفرۆشی لە تەواوی جیهاندا شێوازێکی گوزەرانە و ڕێکخستنی لەشفرۆشی و بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کەرەسەی بێهۆشکەر شێوازێکی پڕ ئیفتخاری پارە پەیدا کردنە. لە بەریتانیا منەت بەووەوە دەکەن کە زستانان بەشەو دەرگای میترۆکان ئاواڵە دەهێڵنەوە بۆئەوەی خەڵکی بێ جێورێ لە سەرمادا نەمرن. ئەم کۆمەڵگایە بەبێ کاری نێوماڵ و ژێر دەستەیی ژن لە مەیدانی ئابوریدا ناتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێت. ئەم کۆمەڵگایە منداڵان دەنێتە ژێر باری کارکردنەوە، پیرەکان لەسەر کار دەردەکات، و بەبێ بەکوشت دان و پەکخستن و لەکارخستن ناتوانێت بەرهەم بێنێت. ئەم کۆمەڵگایە بەبێ ئینکاری کردنی ئینسانی بوونی زۆربەی دانیشتوانی سەرزەوی و بەبێ چاوپۆشین لە پێداویستیە سەرەتاییەکانیان، لەخواردن و خزمەتگوزاری پزیشکی و مەسکەن و ئاسایشی ئابوریەوە تا کاتی حەوانەوە و زانیاری و هونەر، ناتوانێت هاوسەنگی خۆی بپارێزێت.

لە هەمووی گرنگتر، بنەمای ئەم کۆمەڵگایە ئەو ڕاستیە شەرمهێنەرەیە کە بەشی بەرفراوانی، واتە زۆرینەی، بۆ ژیان بەسەربردن لەو جیهانەدا کە چاویان پێ هەڵهێناوە دەبێت توانای جسمی و فکری خۆیان بە کەمایەتییەک بفرۆشن. بەرهەمهێنانی پێداویستیەکان و هۆکارەکانی ژیانی ئینسانەکان بەندە بە قازانجهێنەری سەرمایەوە و ئەم ڕاستیە ڕیشەی هەموو ئەم نایەکسانی و بێ بەشییانەیە. کاری بەکرێ، دابەش بوونی کۆمەڵگا بۆ کرێکار و سەرمایەدار، بۆ کەسێک کە کرێ وەردەگرێت و کەسێک کە کرێ دەدات و هێنانە خوارەوەی کار، وەک چالاکیەکی بەرهەمهێنەر و داهێنەر، بۆ"ئیش" وەک شێوازی دابین کردنی گوزەران، خۆی لە خۆیدا حوکمی تێکشکاویی ئەم نیزامەیە.

بەڕای من کەسێک کە نیزامی ئابوری ئێستا بە باشترین و مومکینترین نەزم ناو دەبات، دان بە دڕندەیی خۆیدا دەنێت. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە بەتایبەتی بە ڕەخنەی مارکس لەسەرمایەداری، ئینسان زەرورەت و ئیمکان بوونی نیزامێکی ئابوری و کۆمەڵایەتی باڵاتری ڕاگەیاندووە و تەنانەت هێڵە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگایەکی لەم چەشنەی کێشاوە. کۆمەڵگایەکی پشت بەستوو بە یەکسانی و ئازادی تەواوی ئینسانەکان، کۆمەڵگایەکی دامەزراو لەسەر هەوڵ و کۆششی داهێنەرانەی گشتی بۆ

دابین کردنی پێداویستیە ئینسانییەکان، کۆمەڵگایەک کە تیایدا هۆیەکانی بەرهەمهێنان موڵکی هاوبەشی خەڵک بێت، کۆمەڵگایەکی جیهانی بێ چین، بێ هەڵاواردن، بێ وواڵت و دەوڵەت دەمێکە مومکینە دامەزرێت. خودی سەرمایەداری سەرەتا ماددییەکانی ئەم نیزامە ئابوریە نوێیەی فەراهەم کردووە.

#### ئینتەرناسیۆنال

خاڵێک کە موفەسیرە ڕۆژئاواییەکان بە تایبەتی لەگەڵ تێکشکانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا تەئکیدی لەسەر دەکەن فەردیەت و ڕەسەنایەتی(اصالة) تاکە کەسە چ لە ئابوری و چ لە سیاسەتدا. دەووترێت کە نەک تەنها لە ئابوری جۆری سۆڤیەتدا، بەڵکو لەتەواوی ئەو ووڵاتانەدا کە بە درێژایی دوو سێ دەیەی ڕابردوو ڕوویان لە جۆرێک ئابوری خۆشگوزەرانی پشت بەستوو بە ڕۆڵی هەڵسوڕاوی دەوڵەت لە بەرهەمهێنان و دابەشکردن و ڕێکخستنی پەیوەندییە ئابوریەکاندا کردووە، زیادبوونی لێپرسراوێتی کۆمەڵگا یان دەوڵەت و لاوازبوونی فەردیەت و مونافەسە و دەوافعی فەردی لە هەڵسورانی ئابوری دەبێتە هۆی سستی ئابوری و بە دیاریکراوی دواکەوتنی تەکنیکی کۆمەڵگە. بە قسەی موفەسیرە ڕۆژئاواییەکان ململانێ و فەردیەت نەک تەنها ڕوکنی(کۆڵەکە) کۆمەڵگای سەرمایەدارییە، بەڵکو بەشی جیانەکراوە و دانەبڕاوی هەڵسورانی ئابوری ئینسانە بە شێوەیەکی گشتی. سۆشیالیزم بەوە تاوانبار دەکرێت کە کۆمەڵگا لەسەروو تاکە کەسەوە دادەنێت و تەنانەت دەیەوێت هەموو ئینسانەکان بکاتە یەک و فەردیەت لەناو بەرێت. یەکەم بەڕای ئێوە ئەم مەسەلەیە چ ڕۆڵێکی لە بنبەستی ئابوری بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا هەبووە، دووەم بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندی نێوان سۆشیالیزم و تاکە کەس چۆن تەفسیر دەکەیت؟

#### مەنسوور حیکمەت

پێش هەموو شتێک پێویستە بە ووردی لە مانای فەرد و فەردیەت لە ئایدیۆلۆژی بۆرژوازیدا وورد بینەوە. مەبەست لە فەرد لەم ئایدیۆلۆژییەدا ئینسان نییە و ڕەسەنایەتی فەرد نابێت وەک هاوتای ڕەسەنایەتی ئینسان وەربگیرێت. بە ئاشکرا ئەوە خودی کۆمەڵگای سەرمایەداری و تێگەیشتنی بۆرژوایە لە ئینسان کە لە تایبەتمەندێتی فەردی ئینسانەکان و لە تەواوی ئەو تایبەتمەندێتیانەی کە هەریەک لە ئێمە دەکاتە فەردێکی تاک و تەنها و شوناسنامەی تاکە کەسیمان دەداتێ، ڕادەکات و چ لەبواری ماددی و ئابوریدا و چ لە ڕووی مەعنەوی و سیاسی_فەرهەنگیەوە، وێنەیەکی بێ سەرو سیماو بێ شوناسنامەی فەردی لە ئینسانەکان دەدات بەدەستەوە. لەم کۆمەڵگایەدا ئینسانەکان نەک بەپێی شوناسنامە و تایبەتمەندێتی فەردیانەیان، بەڵکو وەک هەڵگرێکی ئینسانی پەیوەندی ئابوری دیاریکراو لەگەڵ یەکدا ڕووبەڕوو دەبنەوە و بەم ناونیشانەوە لەگەڵ یەکدا هەڵسوکەوت دەکەن. پەیوەندی نێوان ئینسانەکان وێنەیەک و ڕوویەکی پەیوەندی نێوان کاڵاکانە و یەکەمین پێکهێنەر لە پێناسەکردنی تایبەتمەندێتییەکانی فەرددا پەیوەندیەکە کە لەگەڵ کاڵاکان و پرۆسەی بەرهەمهێنان و ئاڵوێریاندا هەیەتی. فەردی مەوجود زیندوویەکە کە جێگا و شوێنێکی ئابوری نوێنەرایەتی دەکات. کرێکاری هەڵگری هێزی کار وەک کاڵایەک و فرۆشیارێکی ئەم کاڵایەیە و سەرمایەدار ڕەنگ دانەوەی ئینسانییانەی سەرمایەیە. بەکارهێنەر(المستهلک) خاوەنی توانای کڕینێکی دیاریکراوە لە بازاڕی کاڵادا. ئینسان بەم بارودۆخانە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا دەناسرێتەوە و حسابی بۆ دەکرێت. کاتێک موفەکیرێکی بۆرژوا قسە لە ڕەسەنایەتی فەرد و فەردیەت دەکات، بە ئاشکرا قسە نەک لە ڕەسەنایەتی ئینسان، بەڵکو لە پێویستی داماڵینی دەکات لە تایبەتمەندێتییە ئینسانییەکانی تایبەت بە هەر ئینسانە و ئاوێزان بوونی لەگەڵ پەیوەندی و هاوکێشە ئابوریەکان وەک یەکەیەک و هیچی تر. ڕەسەنایەتی فەرد بۆ بۆرژوازی یانی ڕەسەنایەتی کاڵا، ڕەسەنایەتی بازاڕ و ڕەسەنایەتی ئاڵووێری بەها وەک کۆڵەکەی پەیوەندییە دژ بە یەکەکانی نێوان ئینسانەکان، چونکە تەنها لەم قاڵبەدا، یانی وەک ئاڵووێکەرەکانی کاڵا جیاوازەکان لە دامەزراوەی بازاڕدایە کە سیما و شوناسنامەی دیاریکراوی هەر ئینسانێک لەو دەسەندرێت و وەک یەک "فەرد"، یەکەیەکی ئینسانی هەڵگری کاڵایەکی خاوەن بەهای ئاڵووێر(القیمة التبادلیة)، لەگەڵ ئینسانەکانی تردا بەرەو ڕوو دەبنەوە.

هێنانە خوارەوەی ئینسان بۆ ڕاددەی فەرد پێویست و حاشاهەڵنەگرە لە سەرمایەداریدا چونکە ئینسانەکان دەبێت مەنتقی جێگا و ڕێگای ئابوریانەی خۆیان ئەنجام بدەن و ئەم مەنتقە لە جێی ژیری و تێفکرین و ئەولەویەتی ئینسانی خۆیان دابنێن. کرێکار دەبێت خەریکی فرۆشتنی هێزی کاری خۆی بێت

و دوای فرۆشتن کاڵاکەی بدات بە کڕیار، یانی کاری بۆ بکات. سەرمایەدار دەبێت زەروورياتی کەڵەکەی سەرمایە ئەنجام بدات. کرێکار دەبێت لەگەڵ فرۆشیارانێکدا کە هەمان کاڵای ئەویان هەیە بکەوێتە بەرابەرکێوە. سەرمایەدار دەبێت بە مەبەستی زیادکردنی بەشی خۆی لەسەرجەمی زێدەبایی، بەردەوام بەرهەمهێنەریی کار(انتاجیة العمل) و تەکنیکی بەرهەمهێنان باشتر بکات. دەبێت بەپێی پێویست کرێکار بێکار بکات و بە پێی پێویست بیانخاتە کار. لەهەر یەک لەم دەور و نەخشانەدا ئەگەر ئینسانەکان بڕیار وابێت ئەولەویەت و لێکدانەوەی سەروو ئابوریانەی خۆیان پیادە بکەن، ئەوا میکانیزمی ئابوری سەرمایەداری تووشی شێواوی دەبێت.

لەسەر ئاستی سیاسیش مەسەلەی ڕەسەنایەتی فەرد ڕۆڵێکی لەم چەشنەی هەیە. ڕەسەنایەتی فەرد بنەمای سیستمی حکومەتی پەرلەمانییە کە تیایدا لە باشترین حاڵەتدا، یانی ئەو کاتەی کە ئەگەر مەرجی خاوەندارێتی و پیاو بوون و سپی پێست بوون و لەم جۆرە شتانە لە ڕێی چەند دەیە لە خەباتی خەڵکەوە لە هەلومەرجی هەڵبژاردنەکاندا لابرابن، هەر کەسە یەک ڕای هەیە لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی پەرلەمانی سەراسەری وڵاتدا. دوای هەڵبژاردن خەڵک دەچنەوە ماڵی خۆیان و نوێنەرانی هەڵبژێردراو لانی کەم لەسەر کاغەز مەسەلەی قانوون دانان لە جیاتی ئەوان دەگرنە ئەستۆ. هەر کەسە تەنها یەک دەنگە نەک یەک ئینسانی خاوەن هەلومەرجی دیاری کردنی بەردەوامی پێداویستیەکان و ئەولەویەتەکان و بواری جێ بەجێ کردنیان. سیستمێکی سیاسی کە تیایدا ئەم بەشدارییە بەردەوامەی تاک تاکی خەڵک لەئارادا بێت، بۆ نمونە سیستمێکی شورایی کە ئامادەیی هەمیشەیی خودی تاک تاکی خەڵک لە پرۆسەی بڕیاردان لە ئاستی جۆراوجۆردا، هەر لە محەلییەوە تا سەراسەری، دابین بکات لە گۆشەنیگای بۆچونی پەرلەمانیەوە بە"دیمكراتيك" حیساب ناکرێت. تێروانینی سیاسی فەردیەت لە نیزامی بۆرژواییدا هەڵهێنجراوی ڕاستەوخۆی تێروانینی ئابوریەتی. بنەماکەی زەوت کردنی شوناسنامەی کۆنکرێتی ئینسانەکانە لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگادا.

پاش ئەم پێشەکییانە دەگەڕێمەوە سەر پرسیارەکەتان سەبارەت بە سۆڤیەت. سۆڤیەت ئابوریەک نەبوو کە تیایدا ئینسان وەک بنەما چاولێکرابێت و فەردگەرایی بۆرژوایی لەم گۆشەیەوە خرابێتە ژێر مەنگەنەوە. ئەوەی کە ئەم فەردیەتەی لەم سیستمەدا پووچەڵ دەکردەوە ئەوە بوو کە سیستمێکی ئیداری بە فراوانی دەستی خستۆتە میکانیزمی بازاڕەوە. کاتێک موفەسیرێکی ڕۆژئاوایی ئیشارەت بە پووچەڵبوونەوەی فەردیەت و فەردگەرایی دەکات لە سۆڤیەت لە بنەڕەتدا لەو سیستمە ناڕازییە کە تیایدا خاوەندارێتی تایبەتیی سەرمایە بە تووندی بەرتەسک بۆتەوە و بە ناچاری خاوەن پیشەسازیەکان پەیڕەوی بڕیار و مەداری نیزامێکی ئیداری دەکەن نەک مەنتقی ئابوری بازاڕ. بە واتایەکی تر سەرمایە بێ بەشە لە زۆر هەڵگری ئینسانیی فەردی و تایبەتی. دووەم، کرێکاری سۆڤیەت لەگەڵ ئەوەشدا کە لە ڕووی سیاسیەوە لە بەرامبەر سیستمی ئیداریدا بە تەواوەتی تاک و تەریک خراوەتەوە، لەڕووی ئابوریەوە، وەک فرۆشیارێکی تاک کەوتوو لە حاڵی مونافەسەدا لەگەڵ کرێکارانی تردا دەرناکەوێت. ئەوەی کە سیستمی ئیداری بە شێوەیەکی گشتی تێدەکۆشێت کە لەسەر بنەمای حسابی ئابوری خۆی هەروەک بازاڕ تاك تاکی سەرمایەکان لە مەیدانە قازانج هێنەرترەکاندا کەناڵیزە بکات و یان لە بنەڕەتدا بەهای هێزی کار لە لانی کەمی مومکیندا بهێڵێتەوە، لەڕوانگەی بۆرژوازییەوە نەدەتوانرا جێی مونافەسەی ئازادانە و ململانێی سەرمایەکان و بەرابەرکێی نێوان کار و سەرمایە لە بازاڕێکی کاری مونافەسەییدا بگرێتەوە. شیعاری ڕەسەنایەتی فەرد لە بەرامبەر مۆدێلی سۆڤیەتدا شیعارێک بوو لە دژی ئەم سیستمە ئیدارییە بە قازانجی ئازادی سەرمایەی تایبەتی و پەرەگرتنی مونافەسە و تاک کەوتنەوەی ئابوریانەی کرێکاران لە بازاڕی کاردا. هەر وەک ووتم ئەم سیستەمە ئیداریە چیتر نەیدەتوانی ڕۆڵی ئاڵۆز و جۆراوجۆری بازاڕ لە ئەستۆ بگرێت و بە تایبەتی نەیدەتوانی ئەو شۆڕشە تەکنیکییەی کە لەسەر ئاستی وڵاتانی پیشەسازی جیهان لە ئارادا بوو بەسەر ئابوری سۆڤیەتدا بەرپا بکات.

من دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە بەم واتایە، فەردیەت و مونافەسەی خاوەن کاڵاکان بەشی جیانەکراوەی ئابوری سەرمایەداری و هەڵگری بنەڕەتی گەشەی تەکنیکیە لەم نیزامەدا. بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێم کە مانەوەی سەرمایەداری خۆی قەرزاری ئەو ڕاستیەشە کە خودی بۆرژوازی هەمیشە و لە سەردەمە چارەنوسسازەکاندا مەودای ئەم مونافەسە و فەردیەتەی بەرتەسک کردۆتەوە و ملی داوە بە بەشداری ئابوریانە و سەروو ئابوریانەی دامەزراوە ئیداریەکان و دەوڵەتەکان لەم سیستمەدا. بەهەمان ڕاددەی کە قەیرانە ئابوریەکان بە ئاکامە وێرانکەرەکانی و ڕاوەستاوییە توندەکانیەوە (الركود الشديد) بریتین لە خەسڵەتی زاتی سەرمایەداری ئاواش باش بوونی هەمیشەیی تەکنۆلۆژی و کەڵەکەی

سەرمایە هەر لەم خەسڵەتە زاتییانەن. سەرمایەداری لەم ڕێگەیەوە خۆی دەپاڵێوێت و خۆی نوێ دەکاتەوە. پێویستی بۆرژوازی بە کۆنترۆڵ و جڵەوکردنی مەودای ئەم قەیرانانە و لەمەش گرنگتر زەروورەتی پاراستنی نیزامی بۆرژوایی لە ڕووی سیاسییەوە لە بەرامبەر خەباتی چینی کرێکاردا، حزب و دەوڵەتە بۆرژواییەکانی ناچار کردووە کە هەمیشە لە سەرەوە بەشداری لە ئابوریدا بکەن و هەندێ ئاڵوگۆڕ بەسەر میکانیزمی بازاڕدا بسەپێنن. تاچەریزم و مۆنیتەریزمی[1] دەیەی هەشتاکان لە بەرامبەر سونەتێکی بەهێزی کینزی[2] و سیاسەتە سۆشیال_دیموکراتیەکاندا کە تەئکیدیان لەسەر بەشداری گرنگی دەوڵەت و ڕۆڵی بودجە دەوڵەتییەکان لە گەشەی ئابوریدا دەکرد ڕاست بوونەوە و پێ دەچێت ئەمڕۆ خۆیان لە ڕەوتی پاشەکشەدا بن. بەهەرحاڵ مەبەستم لەوەیە کە قبوڵ کردنی ڕۆڵی سەرەکی و میحوەریی مونافەسە و بازاڕ لە گەشەی تەکنیکی سەرمایەداریدا هێشتا بەم مانایە نییە کە تەنانەت خودی بۆرژوازی مانەوەی سەرمایەداری و گەشەکردنی لە درێژماوەدا لە بازاڕی ئازاد و مونافەسەی تەواودا دەبینێتەوە یان پێشتر لەسەر ئەم بنەمایە حەرەکەتی کردووە. بازاڕی ئازاد و مونافەسەی تەواو و فەردگەرایی ئابوری توندڕەوی جێ مەبەستی باڵی ڕاستی نوێ بە هەمان ڕاددەی فیکرەی سەرمایەداری بەرنامە بۆداڕێژراو و بێ مونافەسە، ناواقعی و بێناوەڕۆکە.

سەبارەت بە سۆشیالیزم و فەرد، یان باشتر بڵێم سۆشیالیزم و ئینسان، دەتوانرێت زۆر شت بووترێت. مارکس هەتا ئێستا جدیترین و قووڵترین ڕەخنەگرە لە داماڵینی ئینسانیەت لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا. بنەمای باسی کاڵا پەرستی(صنمية السلعة) لە کتێبی ***سەرمایە***دا نیشاندانی ئەم ڕاستیەیە کە چۆن سەرمایەداری و بوونی بەرهەمهێنان و ئاڵوێری کاڵاکان بە میحوەری پەیوەندییە دژ بەیەکەکانی نێوان ئینسانەکان بنەمای لەخۆنامۆبوون (اغتراب) و سیماوونی ئینسانە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا. سۆشیالیزم وا بڕیارە ئەم شوناسنامەیە بگێڕێتەوە بۆ ئینسانەکان. شیعاری "لە هەر کەس بەپێی توانای و بۆ هەر کەس بەپێی پێویستی" بە تەواوەتی لەسەر بنەمای بە ڕەسمیەت ناسین و دابین بوونی مافی خودی هەر ئینسانێک لە دیاریکردنی جێگا و ڕێگای خۆی لە ژیانی ماددی کۆمەڵگادا دامەزراوە. لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا ئینسان کۆیلەی ئەو قانونە کوێرە ئابوریانەیە کە سەربەست لە بیرکرنەوە و هۆش و بیر و تەشخیسی خۆی چارەنووسی ئابوری ئەو دیاری دەکەن. هەروەک ووتم لە بیرکردنەوەی بۆرژوایدا فەرد یانی ئینسانێک کە شوناسنامەکەی لێ زەوت کراوە، ئینسانی نامۆ و بێگانە لەخۆ، ئینسانێک کە تەواوی تایبەتمەندییەکان و چۆنایەتییە فەردییە تایبەتەکانی لێ داماڵراوە و هەربۆیە دەتوانێت بە شێوەی یەک "سەر"ی ئینسانی هەڵگری زیندووی ئەم یان ئەو پەیوەندی ئابوری و ئەم یان ئەو ڕۆڵ لە بەرهەمهێناندا دەربکەوێت. کڕیار یان فرۆشیاری کاڵایەکی دیاریکراو. لە ڕاستیدا ئەوە کۆمەڵگای سەرمایەدارییە کە ئینسانەکان بەم شێوەیە لە قاڵب دەدات و هەموویان پێکەوە وەک کۆمەڵە ئەلگۆیەک لێ دەکات کە لە کار دابەشکردنی ئابوریەوە هاتوون. لەم نیزامەدا ئێمە ئینسانێکی دیاریکراو نین بە گۆشەنیگای فەردی خۆمانەوە بۆ ژیان، بە سایکۆلۆژیەت و ڕۆحیات و عەواتفی تایبەتی خۆمانەوە، بەڵکو کەسانێکین کە هەڵگری پۆستی ئابوری تایبەتین. ئێمە وەکیلی [agent] زیندووین لە ئاڵوێری کاڵای مردوودا. تەنانەت لە پەیوەندی نزیکی شەخسی و عاتیفیماندا لەگەڵ کەسانی دیکەی کۆمەڵگادا، بە پلەی یەکەم لەڕێگەی ئەم تایبەتمەندێتیەمانەوە دەماننانسنەوە چ کارەین، توانای کڕینمان چەندە، چینەکەمان چییە، چ ئیشێک دەکەین. بەپێی ئەم مەوقیعیەتە ئابوریە، یانی لە سەر بنەمای پەیوەندیمان لەگەڵ کاڵاکاندا دەستەبەندی دەکرێین و هەڵماندەسەنگێنن. کۆمەڵگای سەرمایەداری مۆدێل و شێوازی ژیانی هەریەک لەم دەستەبەندی کردنانەشی داوە بە دەستەوە، چی دەخۆین؟ چ بەرگێک لەبەردەکەین؟ لە کوێ دەژین؟ بە چی دڵمان خۆش دەبێت؟ لە چی دەترسێین؟ خەون و کابوسمان چییە؟ سەرمایەداری سەرەتا شوناسنامەی ئینسانییانەمان زەوت دەکات و دواتر خۆی بەپێی کۆمەڵە شوناسنامەیەکی جێگری ئابوری کە پێوەی لکاندوین بە یەکترمان دەناسێنێ. لە بەرامبەردا، سۆشیالیزم

---

[1] مۆنیتەریزم (monetarism) دیدگایەکی ئابورناسی بۆرژوازیە کە فۆکەس ئەخاتە سەر ئەوەی دەرکردنی پڕی پارە کارکردی جدی هەیە لەسەر زیادبوون یان کەمبوونەوەی ڕاددەی هەڵئاوسان. جەمال موحسین

[2] مەبەست لە ئابورناسی ئینگلیزی جۆن مەینارد کەینزە کە تیۆریەکەی لەسەر ئەو بنەمایەوە دانا کە دەخالەتی دەوڵەت بەسەر بازاڕ و ڕێکخستنی ئابوریدا جێگیری ئابوری و بازاڕ بە شوێن خۆیدا ئەهێنێت. تیۆریەکەی کەینز بە "تیۆری کەینز"(Keynesian Theory) یان "کەینزیانیزم" (Keynesianism) ناسرا. ج. م.

کۆمەڵگایەکە کە تیایدا ئینسان بە سەر توانایيە ئابوریەکانی خۆیدا زاڵ دەبێت. لە دەست یاسا کوێرە ئابوریەکان ڕزگاری دەبێت و خۆی هوشیارانە هەڵسورانی ئابوری خۆی پێناسە دەکات. بڕیار بە دەست ئینسانەکانە نەک بازاڕ و کەڵەکە و زێدەبایی. ئەمە، یانی ڕزگاربوونی تەواوی کۆمەڵگا لە یاسا کوێرە ئابوریەکان، مەرجی ڕزگاری فەرد و گەڕانەوەی ئینسانیەت و تایبەتمەندی ئینسانی هەر فەردێکە.

ڕێز و پایەدانانی سەرمایەداری بۆ فەردیەت لە ڕاستیدا ڕێز و پایەدانانە بۆ تاک تاک کەوتنەوە و تەریک کەوتنەوەی ئینسانەکان. کۆمەڵی ئینسانەکان سەرئەنجام ئەوەندە ناجێگیر و شلۆق دەردەچن کە دەتوانن بەپێی پێداویستیە ئابوریەکانی سەرمایە ئەمسەر و ئەوسەر بکەن. ووردبنەوە، سەیرکەن بۆرژوازی لە کوێدا بیری فەردیەت و مافە فەردییەکانی دەکەوێتەوە. لە بەرامبەر هەوڵ و کۆششدا بۆ هەر جۆرە بەرنامە داڕشتنێکی ئابوری کە میکانیزمی بازاڕ شلۆق بکات و ئەولەیەتە کۆمەڵایەتیە سەروو ئابوریەکان بێنێتە ناوەوە. بە باسکردنی فەردیەت و ئازادی هەڵبژاردنی فەردییەوە دەچنە جەنگی بیمەی دەرمانی دەوڵەتی و قوتابخانە دەوڵەتییەکان و باخچەکانی منداڵان و خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانییە گشتییەکان و قەدەغەکردنی لەسەر کار دەرکردن و بیمەی بێکاری و ... هتدەوە. بەهەمان شێوە لە دژی یەکێتیە کرێکارییەکان و ڕێکخراوە کرێکارییەکان، چونکە ئەم ڕێکخراوانە، بەهەر ڕاددەیەک بێت کرێکار لە تاک تاک کەوتن دێننە دەر و مەودای ململانێی فەردی لە نێوان تاکە فرۆشیارەکانی هێزی کاردا کەم دەکەنەوە و بە شێوازێک لە شێوازەکان بڕیاری کۆمەڵە ئینسانێکی دیاریکراو سەبارەت بە ئاستی کرێیەکان و هەلومەرجی کار و... هتد بەسەر هاوکێشە دزێو و بێ پەردەکانی بازاڕدا دەسەپێنن. ڕێک لەو شوێنەدا کە کرێکار و هاووڵاتی دەیەوێت ئینسانیەتی خۆی پیادە بکات و لە دەریچەی پرەنسیپ و پێداویستیە ئینسانییەکانی خۆی و کۆمەڵگای خۆیەوە بڕیاری ئابوریانە بدات، بە تێروانینی بۆرژوا فەردیەت خۆی پووچەڵ دەکاتەوە. هەر ئەمە خۆی شاهیدی مانای واقعی ڕەسەنایەتی فەردە لە سەرمایەداریدا.

بنەمای سۆشیالیزم ئینسانە، چ لە هەلومەرجێکی گشتیدا و چ فەردیدا. سۆشیالیزم بزووتنەوەی گێڕانەوەی ئیرادەیە بۆ ئینسانەکان. بزووتنەوەیەکە بۆ ڕزگارکردنی ئینسانەکان لە زۆرە ملێی ئابوری و لە کۆیلە مانەوە لە سایەی کۆمەڵە قاڵبێکی لە پێشەوە دیاریکراوی بەرهەمهێناندا. بزووتنەوەیەکە بۆ لەناوبردنی چینەکان و چینبەندیکردنی ئینسانەکان. ئەمە مەرجی حەیاتی گەشە و هەڵدانی فەردییە.

#### ئینتەرناسیۆنال

کۆمەڵگای سۆشیالیستی لە جێی مونافەسە و ئارەزووی فەردی دەتوانێت چی شتێک دابنێت؟ باش بوونی هەمیشەیی شێوەکانی بەرهەمهێنان، زیاد بوونی جۆراو جۆرێتی و باشی بەرهەمەکان، گەشەی تەکنیکی و داهێنان و نوێ کردنەوە کە لە چوار چێوەی سەرمایەداریدا تەنانەت بە شێوەی شۆڕشی تەکنۆلۆژی بینیومانن، ئەمانە چۆن لە سۆشیالیزمدا دەستەبەر دەکرێن؟ چ میکانیزمێک هەوڵ و تەقەلای هەمیشەیی تاک تاکی ئینسانەکان بۆ نوێ کردنەوە و باشکردنی چەندایەتی و چۆنایەتی بەرهەمهێنان دابین دەکات؟

#### مەنسوور حیکمەت

باش بوونی تەکنیک و چۆنایەتی بەرهەمهێنان داهێنراوی سەرمایەداری نییە، هەروەک چۆن بەرهەمهێنانی گوزەرانی ئینسانەکان لە داهێنانی ئەو نییە. نیزامی سەرمایەداری شێوازێکی دیاریکراوە کە تیایدا هەوڵ و تەقەلای هەمیشەیی ئینسانەکان بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوە و باشکردنی هەلومەرجی ژیانیان بە شێوەیەکی تایبەتی ڕێک دەخرێت. لە دڵی ئەم شێوازی بەرهەمهێنانە دیاریکراوەشدا مونافەسە و ئارەزووی فەردی هێشتا سەرچاوەی پێشکەوتنی تەکنیکی نییە، بەڵکو هەڵگر و ڕەوەندێکن کە لە ڕێگەیانەوە کۆمەڵە مەسەلەیەکی بنەڕەتیتر فشار دەخەنە سەر گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی و دەگوێزرێنەوە بۆ دامەزراوەکان و کەسەکان لە بازاڕدا و تاویان دەدەن. بردنە سەری هەمیشەیی بەرهەمهێنەریی کار و ڕێژەی زێدەبایی مەرجی پێویستی ڕێگرتنە لە هاتنە خوارەوەی ڕێژەی گشتی قازانج لە هەلومەرجێکدا کە بەردەوام قەبارەی سەرمایەی نەگۆڕ(الراسمال الثابت) زیاد دەبێت. ئەم پێداویستیەی گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی بازاڕەوە بە شێوەی زۆر و فشاری مونافەسە دەگۆڕێتەوە بۆ سەرمایە تاکەکان و دامەزراوەکان. سەرمایەیەک کە تەکنیکەکەی خۆی باش نەکات لە مەیدان دێتە دەرەوە. لە ئەڵقەیەکی دواتردا هەمان ئەم مونافەسەیە لە نێوان بەرهەمهێنەرانی هۆیەکانی بەرهەمهێناندا لە ئارادایە. بەم شێوەیە زانست، فزولیەتی زانستی، داهێنان

و نوێ کردنەوە لە ڕێگای بازاڕەوە و لە لایەن سەرمایەوە ڕێکدەخرێن. ئینسان هەمیشە بەدوای زانست و باش کردنی فەننی بەرهەم هێنان و چۆنایەتی ژیانی خۆیەوەیەتی، بەڵام ئەم هەوڵ و تەقەلا زاتییەی ئینسان لە سەرمایەداریدا لە دەوری قازانج هێنەری و کەڵەکەی سەرمایە ڕێک دەخرێت. گومان لەوەدا نییە کە سەرمایەداری لە چاو نیزامەکانی پێشوودا چەند قات توندی و ڕاددەی هەڵسوڕانی زانستی و فەننی ئینسانی زیادکردووە. بەڵام بەهەرحاڵ نابێت شێوەی دیاری کراوی بە دواگەڕانی زانستی و فەننی ئینسان لەم نیزامەدا بە هەڵە لەگەڵ سەرچاوەی بنەڕەتی ئەم بەدواگەڕانەدا تێکەڵ بکەین. مونافەسەی دامەزراوەکان و ویست و ئارەزووە مادد‌ییەکان سەرچاوەی بە دواگەڕانی زانستی و نوێ کردنەوەی فەننی ئینسان نین، قاڵبێکی دیاری کراوە کە سەرمایەداری تەنها لەسەر بنەمایەوە دەتوانێت ئەم هەوڵ و تەقەلا هەمیشەییەی ئینسان، ڕێک وەک هەوڵ و تەقەلای گوزەران، لە خۆیدا جێ بکاتەوە.

چ لە سەرمایەداریدا و چ لەهەر نیزامێکی دیکەدا بەهەرحاڵ پێویستی دایکی داهێنانە. لە سەرمایەداریدا ئەوە بازاڕە کە پێویستییەکان ڕادەگەیەنێت و مەودای داواکاری لەسەر ئەو کاڵایانەی کە ئەم پێداویستیانە پردەکەنەوە پێناسە دەکات و ئەو سەرمایانەی کە کۆمەڵە کاڵایەک بەرهەم بێنن کە ئەم پێداویستیانە پردەکەنەوە قازانجیان چنگ دەکەوێت. لەنێو ئەم هاوکێشە کاپیتالیستیانەدایە کە زانایان و پسپۆران پرۆژە زانستی و فەننییەکانی خۆیان دەبیننەوە، لێرەوە ڕۆشن دەبێتەوە کە چ بەشێک لە ئیمکاناتی کۆمەڵگا دەبێت بۆ پێشکەوتنی زانستی و فەننی تەرخان بکرێت، زانست و بەکار هێنانە عەمەلییەکەی دەبێت بە چ ئاقارێکدا بچێتە پێشەوە، کام مەیدانانە ئەولەویەتیان هەیە و ... هتد. لە سۆشیالیزمدا ، بازاڕ و مونافەسە و قازانجی تاکە کەس لە ئارادا نین بەڵام ئینسان و بە دواگەڕانی زانستی و ئارەزووی نوێسازی و باشکردنی چۆنایەتی ژیان لە جێی خۆیاندان. پرسیارێکی گرنگ کە پێویستە وەڵام بدرێتەوە ئەوەیە کە میکانیزمی تێگەیشتن لە پێداویستیە زانستی و فەننییەکانی کۆمەڵگا، هەڵبژاردنی ئەولەویەتەکان، تەرخانکردنی سەرچاوەکان و ڕێکخستنی هەوڵ و کۆششی زانستی و فەننی لە غیابی بازاڕدا چۆن دەبێت. ئەوە بە ڕای من مەیدانێکی گرنگی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مارکسیستانەیە و من بێ گومان وەڵامێکی دەستبەجێ و ئامادەم نییە بۆی، تەنها ئەو لایەنە سەرەکیانە باس دەکەم کە لە لام هەیە.

بە پلەی یەکەم دەبێت ئەوە بزانرێت کە کۆمەڵگای سۆشیالیستی کۆمەڵگایەکی ئاوەڵە و بەئاگایە. ئاگادارکردنەوەی بەردەوامی دانیشتوان لە دەنگ و باس و ئاگاداری سەبارەت بە پێداویستیەکان و گیروگرفتەکان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی ژیان و هەڵسوڕانی ئینسان لە ئاستی جیهانیدا شێوازێکی پەرەوکراو دەبێت لەم کۆمەڵگایەدا. لە نیزامی ئێستادا بازاڕ سەرمایەکان لە هەبوونی داواکاری لەسەر کاڵا دیاریکراوەکان و دەرفەتی قازانج هێنەرییان ئاگادار دەکاتەوە، لە نیزامی سۆشیالیستیدا دانیشتوان و دامەزراوەکانیان هەمیشە یەکتر لە پێداویستیە ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکان و هەروەها لە پێشکەوتنە زانستی و فەننییەکانی بەشە جیاوازەکان ئاگادار دەکەنەوە. ڕێکخستنی مەسەلەی هێنان و بردنی هەمیشەیی ئەم زانیاریانە و دەستڕاگەیشتنی بەردەوامی هەموو کەس پێیان هەر ئەمڕۆ بەتەواوەتی لە تواناد هەیە. دووەم ، کۆمەڵگای سۆشیالیستی کۆمەڵگایەکە خەڵک خاوەنی ئاستێکی زانستی یەکجار پێشکەوتووترن لەچاو ئەمڕۆدا. بەهرەمەندبوون لە زانست و بەشداریکردن لە هەڵسوڕانی زانستیدا بەشێک نییە لە ئیمتیازاتی بەشێکی دیاریکراو بەڵکو بەشێکە لە مافە سەرەتاییەکانی خەڵک. هەروەک چۆن سەردەمانێک خوێندن و نووسین ئیمتیازی کەسانێکی دیاریکراو بوو کەچی ئێستا خوێندن و نووسین یەکێکە لە مافە سەرەکیەکانی خەڵک. بۆ نموونە هەر ئەمڕۆ بەرچاومان دەکەوێ کە چۆن کەڵک وەرگرتن لە کۆمپیوتەر و تەنانەت بەکارهێنانی تاڕاددەیەک ئاڵۆز و پسپۆڕانەی، لانی کەم لە کۆمەڵگا پێشکەوتووترەکاندا بەڕاددەیەکی فراوان گشتی بۆتەوە. کە ئەمە هێشتا ناتوانرێت بەراورد بکرێت لەگەڵ توانایی سۆشیالیزم لە گەشە پێدانی هەلومەرجەکانی زانستی گشتی و فەراهەم کردنی ئاسانکاری پێویست لە بواری هەڵسوڕانی زانستییانەدا لەدەست تەواوی خەڵکدا.

لەوانەیە بووترێت ئاگاداربوون لە پێداویستیەک و توانای پڕکردنەوەی هێشتا بە مانای هەنگاونانی عەمەلی نییە بۆ پڕکردنەوەی. لە غیابی ئارەزووی کەڵک وەرگرتنی فەردیدا چ شتێک بە کردەوە ئینسانەکان ڕادەکێشێتە مەیدانی هەڵسوڕانی هەمیشەیی و گرد و کۆی زانستی و فەننییەوە. لێرەدا ئیتر پێویست دەکات بگەڕێینەوە سەر تایبەتمەندێتییە مەعنەویەکانی ئینسان و گرێ دانەوەیان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە. ناتوانرێت وێنەی قاڵبیانەی کاپیتالیزم بۆ ئینسان و مەیلە ئینسانیەکان

بکرێته بنەمای ڕێکخستنی سۆشیالیزم. سەرمایەداری پشتی بە بەرژەوەندیخوازی و ململانێخوازی فەردی ئینسان بەستووە و لە پێناو کارکردی ئابوری سەرمایەداریدا بە گشتی هەر ئەم تایبەتمەندێتییانە لە ئینسانەکاندا بەهێز دەکات و هەر ئەمانەیان فێردەکات. بنەمای سۆشیالیزم خۆشوویستنی جۆری ئینسان و کۆمەڵایەتی بوونی ئینسانە. نەک هەر بەرزی و پێشکەوتوویی زانستی بەڵکو هیچ یەک لە ئامانجە سۆشیالیستییەکان بەبێ خاوێن کردنەوەی زەین و جەوی فەرهەنگی ئینسانەکان لە دەمارگیرییە دروست کراوەکانی دەستی سەرمایەداری قابیلی وەدیهاتن نین. لێرەدا نامەوێت بچمە ناو باسی ذاتی ئینسانەوە هەرچەندە خۆم لەو باوەڕەدام کە خۆشوویستنی جۆری ئینسان و کۆمەڵایەتی بوون لە نێوان ئینسانەکاندا کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی بنەڕەتترو جێ متمانەترن لەچاو ململانێ و خۆپەرستیدا و ئەم ڕاستیەش دەیان جار و بە شێوازی جۆراوجۆر هەر لەم کۆمەڵگا دواکەوتوو و پڕ دەمارگیرییە چینایەتیەدا سەلمێنراوە. هەتا ئێستاش هەر کە بیانەوێت خەڵک زیاد لەڕاددەی ئاسایی لە خۆبوردوویی بنوێنێت، پەنا بۆ ئەم عەواتیف و تایبەتمەندێتییە شەریفە ئینسانییانە دەبەن. بەهەرحاڵ سۆشیالیزم هەروەک هەموو نیزامێکی کۆمەڵایەتی دیکە، ئینسانی گونجاو لەگەڵ خۆیدا پەروەردە دەکات. هێنانە بەرچاوی کۆمەڵگایەک کە تیایدا بەشداریکردن لە بەختەوەری گشتی و هەوڵ و تەقەلای هاوبەشدا بۆ باشکردنی ژیانی هاو جۆری خۆ، مەیل و ئارەزووی پراتیکی ئابوری و زانستی ئینسانەکان بێت، شتێکی ئەوەندە ناڕەحەت نییە.

پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی دیکە بکەم. ئەوە ڕاستیەکە کە سەرمایەداری نەک تەنها خۆی لەسەر بنەمای شۆڕشێکی پیشەسازی پەیدا بووە، بەڵکو خۆی بە بەراورد لەگەڵ نیزامە ئابوریەکانی پێشویدا گۆڕانکاری سەرسورهێنەری لە بواری تەکنیکی کۆمەڵگادا پێکهێناوە. بەڵام لە دڵی ئەم گۆڕانکارییە تەکنیکییانەدا، بە هەمان شێوە مۆرکی ئیفلیجکەرو ڕۆڵی بەرەو پاشهێنەری سەرمایە لە بواری گەشەی هەلومەرجە فەننییەکانی کۆمەڵگای ئینسانیدا بەڕۆشنی دەبینین. تەکنۆلۆژیا لەم کۆمەڵگایەدا لەو مەیدانانەدا گەشە دەکات کە چ لەڕووی قازانجهێنەری سەرمایەوە و چ لەڕووی توانایی سیاسی بۆرژوازییەوە زەروری بووە. گەشەی مەزنی تەکنۆلۆژیای جەنگی لە پاڵ دواکەوتوویی فەننی جددی لە مەیدانی پزیشکی و خزمەتگوزاریی تەندروستی و فێرکردن، و بەرهەمهێنانی خانوو بەرە و لە کشت و کاڵ و.... دا دەبینین. بەشی هەرە زۆری خەڵکی دنیا لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بێ بەشن لە بەروبوومی ئەم گۆڕانکاریە تەکنیکیانە. سیمای فەننی سۆشیالیزم بە تەواوەتی لەگەڵ سەرمایەداری ئەمڕۆ جیاوازی دەبێت، چونکە ئەولەویاتە فەننیەکانی کۆمەڵگایەک کە بنەماکەی باشکردنی ژیانی ئینسانەکانە لەگەڵ کۆمەڵگایەکدا کە قازانج قیبلەنمایەتی بە تەواوەتی لێک جیاوازن.

**ئینتەرناسیۆنال**

ئەمڕۆ لە دوا ساڵەکانی سەدەی بیستەمدا کە کۆمۆنیستەکان بە سەردەمی شۆڕشی پرۆڵیتارییان ناو بردبوو، کۆمەڵگای سۆشیالیستی بە هەمان ڕاددەی سەرەتای ئەم سەدەیە بە شێوەی ئامانجێکی دوورە دەست خۆدەنوێنێ. تۆ وەک مارکسیستێک ئەم سەرنەکەوتووییە چۆن ڕوون دەکەیتەوە و چ ئاسۆیەکت هەیە بۆ بەدیهاتنی عەمەلییانەی شۆڕشی پرۆڵیتاری و کۆمەڵگای سۆشیالیستی؟

**مەنسوور حیکمەت**

بڕیاڕ نەبوو کۆمۆنیزم وەک ئەلگۆیەکی عاقڵانە یان ئایدیالێکی ئینسانی و لەبەر مەعقول بوون و مەرغوب بوون عەمەلی بکرێتەوە. ڕۆڵێکی گرنگی مارکس لە مێژووی بزووتنەوە سۆشیالیستی و ئیشتراکییەکاندا گرێدانەوەی ئامانجی کۆمۆنیزم و ئاسۆی بەدیهاتنی بوو بە خەباتی کۆمەڵایەتی چینێکی دیاریکراوەوە، یانی چینی کرێکاری بە کرێ لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا. سەرکەوتنی سۆشیالیزم تەنها دەیتوانی و دەتوانێت ئاکامی بزووتنەوەی چینی کرێکار بێت. بەم پێیە بە تێروانینی من بەدینەهاتنی سۆشیالیزم لە بنەڕەتەوە بەرهەمی گۆڕانی جێگای کۆمەڵایەتی و چینایەتی لایەنی ڕەسمی کۆمۆنیزم بووە پاش ئاڵوگۆڕەکانی نیوەی دووەمی دەیەی بیستەکان لە سۆڤیەت. بەڕای من شۆڕشی ڕوسیا و چارەنوسی ئەو گرنگترین ڕۆڵیان بووە. شۆڕشی ئۆکتۆبەر شۆڕشی کرێکاران بوو لە پێناو سۆشیالیزمدا و لەلایەن بەڵشەفیزمەوە کە نوێنەری ڕادیکالیزم و ئینتەرناسیۆنالیزمی کرێکاریی بوو لە نێو تەیفی [ترێندی] گشتی سۆشیالیزمدا، ڕابەرایەتی کرا. بە سەرکەوتنی سیاسی شۆڕشی ئۆکتۆبەر قوتبێکی کۆمۆنیستی لە سۆڤیەت دروست بوو کە لە بەرامبەر تەجروبەی ئینتەرناسیونالی دووەمدا دەوەستایەوە و دیارە کە بزووتنەوەکان و حزبە کۆمۆنیستەکان و پراتیکی کۆمۆنیستی لە ئاستی جیهاندا بە گشتی بە

شێوەیەکی لێک دانەپڕاو دەبەسترێتەوە بەم قوتبەوە. پێکهاتنی دەوڵەتی شوراکان و دروست بوونی نێونەتەوەییەکی بنیاتنراو لەسەر ئاسۆی گرایشی ڕادیکاڵ و کرێکاریی لە نێو ترێندی سۆشیالیستیدا بەرزترین ڕاددەی بەرەو پێشچوونی کۆمۆنیزم بووە وەک بزووتنەوەیەکی کرێکاریی لەم سەدەیەدا. هەروەک پێشتر ووتم بە داخەوە ئەم قوتبە وەک بلۆکێکی کۆمۆنیستی کرێکاریی نەمایەوە. بەدرێژایی قسە و باسەکانی لەمەڕ ئاسۆی ئابوری سۆڤیەتەوە کۆمۆنیزمی کرێکاریی لە بەرامبەر ئاسۆ و سیاسەتی ناسیۆنالیستیدا پاشەکشەی کرد و بە تەواوەتی لەگەڵ جێگیربوونی ڕێگای گەشەی سەرمایەداری بەرنامە داڕێژراوی دەوڵەتیی لە ژێر ئاڵای دامەزرانی سۆشیالیزم لە سۆڤیەتدا کۆمۆنیزمی کرێکاریی بە عەمەلی چەک کرا و دواتر هەنگاو بە هەنگاو کۆمۆنیزم و کرێکاران لەیەک یەکی مەیدانەکاندا پاشەکشەیان کرد. گشت ئیعتباری شۆڕشی کرێکاریی بوو بە سەرمایەی قوتبێکی سۆشیالیزمی بۆرژوایی کە بۆ دەیان ساڵ چارەنووسی خەباتی کۆمۆنیستی لە دوورترین شوێنەکانی جیهاندا خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە. لەگەڵ دەرکەوتنی سۆڤیەتێکی بۆرژوا وەک سەرچاوە و قوتبی کۆمۆنیزمی ڕەسمی، سۆشیالیزمی کرێکاریی بە تەواوەتی دەکەوێتە حاشیەوە و تەنانەت ئەو حزبە جددیانەی کە بتوانن ئەم زاڵبوونەی سۆشیالیزمی بۆرژوایی بەسەر بزووتنەوەی ناوبراو بە کۆمۆنیزمدا بخەنە ژێر پرسیارەوە لە سوننەتی سۆشیالیزمی کرێکارییدا پێک نایەت.

دەبێت بڵێم کە سۆشیالیزمی غەیرە کرێکاریی هەمیشە بەشێکی زیندوو بووە لە سوننەتی گشتی سۆشیالیزم و ڕەخنەگری چەپ لە کۆمەڵگادا. ئەم گرایشە تا پێش تەجروبەی سۆڤیەت لە تەنیشت سۆشیالیزمی کرێکاریی و بە کێشمەکێش لەگەڵیدا دێت و ئەوەش دەزانین کە هەڵبژاردنی ناونیشانی کۆمۆنیستی لەلایەن مارکس و ئەنگلسەوە ڕێک بە مەبەستی ڕاگەیاندنی وابەستەیی ئەوان و تێڕوانینەکانیان بووە بە باڵی کرێکارییەوە وەک گرایشێکی تایبەت لە سۆشیالیزمدا. بەڵام لە ڕێگەی تەجروبەی سۆڤیەتەوە دەسەڵاتی سۆشیالیزمی غەیرە کرێکاریی لە ئاستێکی فراوان و چارەنوسسازدا سەپێنرا و کۆمۆنیزمی کرێکاریی چیتر تەنانەت وەک گرایش و باڵێکی خاوەن نفوز لە چارەنوسی سۆشیالیزمدا نەمایەوە.

بەڕای من لە کۆتایی دەیەی بیست بەدواوە کۆمۆنیزم لە بنەڕەتدا لە خەت لایداوە. لێرە بەدواوە خودی مەسەلەی سۆڤیەت لە تەنیشت مەسەلەی کاپیتاڵیزمەوە بە شێوەی گشتی، بووەتە گیروگرفتێکی میحوەری کۆمۆنیزمی ڕاستەقینەی کرێکاریی. سەرنەکەوتوویی تا ئێستای سۆشیالیزم وەک ئامانجێک بەرهەمی ئەو ڕاستییەیە کە ئەو تاکە بزووتنەوەیەی کە دەتوانێت ئەم ئامانجە بە ئەنجام بگەیەنێ بەهۆی بە میللی کردن و دەست بەسەردا گیرانی شۆڕشی کرێکارییەوە لە سۆڤیەت دووچاری لاوازی و لێک داپڕان هات. سۆشیالیزمی کرێکاریی تا ئەمڕۆ لە ژێر باری تەجروبەی سۆڤیەتدا پشتی ڕاست نەکردۆتەوە. ئەوەش بڵێم کە کاتێک باس لە تەجروبەی سۆڤیەت دەکەم مەبەستم تەنها لە کۆمەڵە ڕووداو و ئاڵوگۆڕێک نییە کە مەحدود ئەبێتەوە بە وڵاتێکەوە. دەرکەوتنی کۆمۆنیزمی چینی کە ڕووبەندێکی ناسک و ڕازاوە بوو بۆ ئامانج و ئارەزووی میللی لە وڵاتێکی لە بنەڕەتەوە جووتیاری، دەرکەوتنی پۆپۆلیزمی چەپی میلیتانت(جەنگاوەر) بەتایبەتی لە وڵاتانی ژێر دەستەی ئیمپریالیزم، پەیدا بوونی چەپی خوێندکاریی و لیبراڵیزمی چەپێک کە بە مەکتەبی چەپی نوێ و چەند بەشێک لە تروتسکیزم لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا دیاری دەکرێت، پەیدا بوونی ئورۆ_کۆمۆنیزم و... هتد، کە هەریەکەیان نوێنەرایەتی جووڵانەوەیەکی شێوە سۆشیالیستیانەی بزووتنەوە غەیرە کرێکارییەکانی دەکرد هەموویان بە شێوەیەک بەرهەمی دواتری تەجروبەی تێکشکانی شۆڕشی کرێکاریین لە سۆڤیەت. بەڕای من ئەگەر ئەم تەجروبەیە نەبووایە سۆشیالیزمی کرێکاریی دەیتوانی وەڵامدەرەوەی ئەم جووڵانەوە و حەرەکەتانە بێت و جێگا و ڕێگای خۆی وەک سەکۆی بنەڕەتی و خاوەن ئیعتباری مارکسیزم و خەباتی سۆشیالیستی بپارێزێت و پتەو بکات.

بەڕای من ئەو بزووتنەوە غەیرە کرێکاریی و نیمچە سۆشیالیستیانەی کە بە ناوی کۆمۆنیزم و مارکسەوە هاتنە مەیدان یەک لەدوای یەک پایەکانی کۆمۆنیزمی ڕاستەقینەیان لە کۆمەڵگادا سست کردووە. یەکەمین قوربانی لەم نێوەدا بیرکردنەوەی مارکسیستیانە و ڕەخنەگری مارکسیستیانە لە نیزامی سەرمایەداری بوو. ئەم بیرکردنەوەیەیان لە ناوەڕۆکە جەربەزە و ژێرەوژوورکەرەکەی خاڵی کردەوە و لە جیاتی ڕەخنەی مارکسیزم لە سەرمایەداری بارێک لە ووردە گلەیی ڕیفۆرمیستانە و هەندێک جار تەنانەت کۆنەپەرستانە و دواکەوتوانەیان لە ژێر ئەم ناونیشانەدا جێ کردۆتەوە. ڕاستیخوازی و میتۆدی تەواو زانستیانەی مارکسیان سڕیەوە و مارکسیزمیان کردە عەماری ئەو کلێشە و ئایەتە ئاسمانیانەی کە

بێجگە لە خستنە ڕووی ئامانجە نزم و حەکیمانەکانی توێژە مامناوەندیەکانی کۆمەڵگا هیچی تر نەبوون. کار گەیشتۆتە ئەو جێگەیەی کە کاتێک ئێمە دەڵێین مارکسیزم ڕەخنەگری دیموکراسیە و دژایەتی لەگەڵ ناسیۆنالیزمدا هەیە، شۆڕشی ئابوری بە بنەما دەزانێت و داواکاری هەڵوەشانەوەی کاری بەکرێیە، دڵی بۆ فەرهەنگە میللی و پێناسنامە قەومیەکان ناسووتێت، دوژمنی دینە و... هتد، گوایە دەمانەوێت نوێسازی بکەین. زاڵ بونی گرایشاتە نیمچە سۆشیالستییەکانی چینە غەیرە کرێکارییەکان و ئامانجە غەیرە کرێکاریی و تەنانەت دژی کرێکارییەکان کە لەم نێوەدا بە ناوی کۆمۆنیزم و سۆشیالیزمەوە ناونرا و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ کرێکارانی بەرەو بەرتەسک مانەوە لە سنوری ترەیدیۆنیۆنیزم و تەنانەت پەیرەوکردنی سۆشیال دیمکراتی واتە باڵی چەپی خودی چینی دەسەڵاتدار لە ئاستێکی بەریندا پاڵ پێوە ناوە. سۆشیالیزمە درۆینەکان، ئەگەر وەک سۆڤیەت بە ڕەسمی ڕابەرانی کرێکارییان سەرکوت نەکردبێت، هەر چۆنێک بێت ئەو ڕۆڵەیان بووە کە پەیوەندی کرێکار و کۆمۆنیزمیان لە ئاستێکی بەرفراواندا بچڕاندووە. چ لەو جێگایەدا کە وەک سۆڤیەت و چین و ئەلبانیا و... هتد کۆمەڵە نموونەیەکی بێزارکەر لە کۆمەڵگای داخراو، ئیستبدادی و ڕاوەستاویان لە ژێر ناوی سۆشیالیزمدا لەبەردەم کرێکاردا داناوە و چ لەو جێگایەدا کە لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان یان وڵاتانی ژێر دەستەدا کۆمۆنیزم و ڕادیکالیزمی چەپیان کردۆتە ئۆپۆزیسیۆنیزمی (معارزەگەرێتی) پڕ هەراوزەنا و بێ ناوەڕۆکی ڕووناکبیران، سەرەنجام بێجگە لە دوور خستنەوەی کرێکار لە کۆمۆنیزم و بێ دەنگ کردنی کرێکاری کۆمۆنیست لە دەروونی بزووتنەوەی کرێکاریدا هیچی دیکە نەبووە. بەهۆی هەبوونی ئەم ڕەوتانەوە ئەو کۆمۆنیزمە کرێکارییەی کە دەیتوانی لەبەردەم جەنگێکی جیهانی بۆرژوازیدا ڕاست بێتەوە و وڵاتێکی بە پانتایی ڕوسیای قەیسەری یان ئەڵمانیا بخاتە نێو شۆڕشەوە، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بووە پرتە و بۆڵە و هەوڵ و تەقەلای ڕەخنە گرانە و دژی ئاڕاستەی ڕووداوەکان. ئەمڕۆ بە ڕووخانی ئەم بلۆکە درۆیینانە و بە کەمبوونەوەی پێویست بوونی کۆمۆنیزم و مارکسیزم لە نێو توێژە غەیرە کرێکارییەکان و بیرکەرەوەکانیاندا ئەم بازنەیە(سایکلە) تازە خەریکە دادەخرێت.

هەربۆیە کاتێک پرسیار لەوە دەکەیت بۆچی کۆمۆنیزم و سۆشیالیزم لەم سەدەیەدا سەرنەکەوتن، من لە بەرامبەردا دەپرسم کام سۆشیالیزم دەبووا سەرکەوێت؟ سۆشیالیزمی ئێمە، سۆشیالیزمی کرێکاریی بەو تێکشکانەی کە لەلایەن خەتی ناسیۆنالیستییەوە لە سۆڤیەت بەسەریدا هات، توانای پێکهێنانی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگای ئێستادا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لەدەستدا. هێزی خۆی دا بە ترەیدیۆنیۆنیزم و سۆشیال دیموکراتی و ڕیفۆرمیزمی چەپ و ڕەخنەگرتنە تیژەکەی لە کۆمەڵگای ئێستا کەوتە ژێر وێرانەی لادان و تەحریفاتە نیمچە سۆشیالیستییەکانەوە. ئەمڕۆ و ئەویش لە دڵی هێرشێکی نوێدا بۆسەر کرێکار و کۆمۆنیزم تازە خەریکین لەم تەجروبەیە پشت ڕاست دەکەینەوە.

لەکۆتاییشدا با خاڵێک بڵێم. من لەو کۆمۆنیستانە نیم کە سەرکەوتنی تەواوی کۆمۆنیزم بە ئاکامێکی حەتمی ڕەوەندی مێژوو دەزانن. بە دیهاتنی سۆشیالیزم بەرهەمی خەباتی چینایەتییە و ئەم خەباتە بە هەمان ڕاددە کە دەتوانێت سەربکەوێت، دەتوانێ تێکشکان و کەموکوڕیش لە گەڵیدا بێنێت. نەک تەنها کۆمۆنیزم و کۆمەڵگای ئازادی ئینسانی، بەڵکو بەربەریەتی بۆرژوایی و بە شێوەیەک کە لەوانەیە نەوەی ئێمە هێشتا تاقی نەکردبێتەوە، دەتوانێت لەم کێشمەکێشەوە بێتە دەر. لەگەڵ ئەمەشدا، بەهۆی بەسترانی ئەو سایکلەوە کە باسم کرد و بە لەبەر چاوگرتنی ئەو هێزە مەزنەی کە کرێکاری ئەمڕۆ لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی لە بواری ئابوریدا بە دەستی هێناوە بەرامبەر بە ئایندەی سۆشیالیزم گەشبینم. بەهەرحاڵ مەسەلەکە لەسەر پراتیکی کۆمەڵایەتی کۆمۆنیزم و کۆمۆنیستەکان دەوەستێت.

**ئینتەرناسیۆنال**

لە نەبوونی نمونەیەکی پیادەکراو یان ئەلگۆیەکی ئیسپاتی کۆمەڵگای سۆشیالیستی، کۆمۆنیستەکان ئیتر بە گشتی بە داواکارییە ئۆپۆزسیۆنیەکانیان دەناسرێنەوە. ئایا پێویست بەوە ناکات کە سیمای کۆمەڵگای سۆشیالیستی موشەخەستر بخرێتە ڕوو؟ ئایا پێویست ناکات کە تەرحی عەمەلیتر هەبێت بۆ ڕێکخستنی ئابوریانە و سیاسیانە لە کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستیدا؟

**مەنسوور حیکمەت**

ئەگەر ئەم پرسیارەیان لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا لە مارکسیستێک بکردایە، وەڵامی دەدایەوە کە

ئەرکی ئێمە کۆمۆنیستەکان ئەلگۆ خستنە ڕوو و خەیاڵ داتاشین نییە، بەڵکو ڕێکخستنی شۆڕشێکە دژی نیزامی ئێستا و بنەما دیاریکراو و پێناسە کراوەکانی. ئامانجەکانی ئێمە ڕۆشنن و ڕەوەندی شۆڕشی کرێکاریی شێوەی عەمەلی بە دیهاتنی ئەم ئامانجانە دەدات بە دەستەوە. بە پڕوای من ئەم وەڵامە لە بنەڕەتدا ئەمڕۆش دروستە. بەهەرحاڵ دوو هۆکاری بنەڕەتی، یەکێکیان دروست و ئەوی تریان نادروست، دەبنە هۆی ئەوەی کە زۆر کەس ئەمڕۆ مەسەلەی پێویستی خستنە ڕووی ئەلگۆیەکی ئیسپاتی سۆشیالیزم بە باسێکی مەعقول بزانن. یەکەم ئەوەی کە لە تەجروبەی سۆڤیەت و چین و ... بەکردەوە کۆمەڵە ئەڵگۆیەک لە ژێر ناونیشانی سۆشیالیزمدا خرانە ڕوو کە کۆمۆنیستێک دەبێت نامۆ بوونیان لەگەڵ مارکسیزمدا نیشان بدات و ئەمە بە ڕاددەیەک پێویست بە خستنە ڕووی ئەڵتەرناتیڤی عەمەلی ئیجابیش دەکات. من لەم تێڕوانینەوە بە ڕاددەیەک ئەم زەرورەتەم قبووڵە. بەڵام هۆکاری دووەم ملدانی تەواوی چەپە لە خەباتی سیاسیدا بە تایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا بە جەوی پەرلەمانی و سیستەمی پەرلەمانی. مەیدانی پەرلەمانی بۆ زۆرێک لە حزب و هێزە بەناو کۆمۆنیست و سۆشیالیستەکان بوو بووە مەیدانی سەرەکی خەبات لە پێناو دەسەڵاتی سیاسیدا. بە پێچەوانەی خەباتی شۆڕشگێرانەوە کە بە گشتی لەسەر بنەمای ڕەخنەگرتن و نەفی کردنەوەی سیستمی ئێستا ڕێکدەخرێت، خەباتی هەڵبژاردن بە گشتی لە دەوری پلاتفورمی ئیجابی دەبرێتە پێشەوە. ئەمە ڕێک جیاوازی نێوان شۆڕش و ڕیفۆرمە. ڕیفۆرم دەبێت بە شێوەیەکی دیاریکراو باسی لێ بکرێت بەڵام شۆڕش حەرەکەتێکە لە دژی بارودۆخێک کە هەیە بە مەبەستی بەرپاکردنی بنەما و هاوکێشەی گشتی جیاواز لە کۆمەڵگادا. حەرەکەتی شۆڕشگێرانە لە ڕەوتی تێکشکاندنی وەزعیەتی ئێستادا شێوازی عەمەلی بە دیهاتنی ئامانجەکانی خۆی پێناسە دەکات، لە کاتێکدا حەرەکەتی ڕیفۆرمخوازانە لە نیزامێکی هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا بە بەرنامەی دیاریکراوی ڕیفۆرمخوازانەیەوە هەنگاو دەنێت بۆ ڕاکێشانی حیمایەت و بەدەست هێنانی ڕەئی. پەیدابوونی سەرمایەداریش لەسەر بنەمای ئەلگۆیەکی ئیجابی ڕۆشن لەم نیزامە دروست نەبوو، بەڵکو بەرهەمی ڕەخنەگرتن لە نیزامی پێشوو و خستنە ڕووی کۆمەڵە شیعارێکی گشتی بوو، سەبارەت بە ئازادییە سیاسی و ئابوریەکان. هەربۆیە پێموایە پێویستی ئەوەی کە سۆشیالیزم وەک پلاتفۆرمێکی سیاسی و ئابوری دیاریکراو و وەدەستهاتوو بخرێتە ڕوو تا ڕاددەیەک زیادەڕۆیی دێتە بەرچاو. بە تێڕوانینی من کۆمۆنیزم بە مەبەستی ڕاکێشانی هێزی چینەکەی خۆی پێویستە تێڕوانینی ڕەخنەگرانەی و هەروەها ئامانجەکانی خۆی بەرێتە نێو چینەکەوە و هێڵە گشتی و بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگای جێ مەبەستی خۆی بخاتە ڕوو و لە هەمان کاتدا وەک ڕەوتێکی زیندووی سیاسی لە دڵی خەباتی ئێستای نێو کۆمەڵگادا پلاتفۆرمی عەمەلی و ڕۆشنی بۆ ڕیفۆرم هەبێت.

کارێک کە پێویستە بکرێت ئەوەیە کە یەکەم، مانای ووردی ئامانجە سۆشیالستییەکان ڕۆشن بکرێتەوە و دووەم ئیمکان بوون و لە تواناداا بوونی بە دیهاتنی ئەم ئامانجانە نیشان بدرێت. یەکەم دەبێت بۆ نموونە ئەوە جێگیر بکرێت کە هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی بۆرژوایی بە مانای خاوەندارێتی دەوڵەتی نییە و دواتر ئەمە نیشان بدرێت کە چۆن ڕێکخستنی کۆنتڕۆڵی دەستە جەمعی خەڵک بە سەر هۆیەکانی بەرهەم هێناندا شتێکی عەمەلییە. یان سەرەتا پێویستە تەئکید لەوە بکرێت کە سۆشیالیزم نیزامێکی ئابوری بێ پارە و بێ کاری بەکرێیە و دواتر ئیمکان بوونی ڕێکخستنی بەرهەم هێنان بەبێ بەکاڵا بوونی هێزی کار نیشان بدرێت. ئەوەی کە نابێت بکرێت ئەوەیە کە پلانی بەرهەمهێنان و ئیداریی کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی بە ووردی بکێشرێت و بخرێتە بەردەم خەڵک. شێوەی دیاریکراوی ئابوری و بەرهەمهێنان و نیزامی ئیداری لە کۆمەڵگای سۆشیالیستیدا دەبێت لە نێو دڵی حەرەکەتی مێژوویدا بدرێت بە دەستەوە. ئەرکی ئێمە ئەلگۆ دروست کردن و خەیاڵ داتاشین نییە، بەڵکو نیشاندانی ئەوەیە کە کۆمەڵگای سۆشیالیستی لە چ ڕوویەکەوە لە کۆمەڵگای ئێستا جیاوازە. بۆ نموونە ئێمە ڕەوەندی نەمانی دەوڵەت دوای شۆڕشی کرێکاریی لە ڕێگەی ڕوون کردنەوەی پایە مادییەکانی دەوڵەتەوە لە کۆمەڵگای چینایەتیدا و پێویست نەبوونی دەوڵەت وەک دامەزراوەیەکی سیاسی لەلایەن کۆمەڵگایەکی بێ چینەوە نیشان دەدەین، نەک لە ڕێگەی نامیلکەیەکەوە کە تیایدا ئەم یان ئەو حزبە بەرنامەی عەمەلی خۆی بۆ داخستنی هەنگاو بە هەنگاوی دامەزراوەکان و ئیداراتە دەوڵەتییەکان خستبێتە ڕوو.

### ئینتەرناسیۆنال

سیستمی سیاسی و ئیداری سۆڤیەت و بلۆکی ڕۆژهەڵات هەر وەک نیزامە ئابوریەکەی، وەک ئاکامی سروشتی و حەتمی کۆمۆنیزم نیشان دەدەن. کۆمۆنیزم بە "تۆتاڵیتاریزم" و نەبوونی ئازادییە

سیاسییەکان لە قەڵەم دەدەن و دەگەنە ئەو ئەنجامەی کە تاکە شێوەی واقعی و مومکین بۆ بەشداری خەڵک لە بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگادا پارلەمانتاریزم و پلورالیزمی باوە لە وولاتانی ڕۆژئاواییدا. یەکەم، خودی ئەم ئیدیعایە چەندە ڕاستە و دووەم ئەڵتەرناتیڤی کۆمۆنیستەکان بۆ بەشداری خەڵک لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا، دیموکراسی شورایی، تا چ ڕاددەیەک لەگەڵ ڕێکخراوەی ئالۆزی کۆمەڵگای ئەمڕۆدا دێتەوە و قابیلی جێ بەجێ کردنە؟ وە سەرەنجام، ئایا نیزامی سیاسی لە سۆشیالیزمدا تاک حزبیە؟

**مەنسوور حیکمەت**

یەکەم، نیزامی سیاسی سۆڤیەت و بلۆکی ڕۆژهەڵات ڕووبینای سیاسی و حقوقی نیزامێکی ئابوری بوو کە لەم وولاتانەدا هەبوو و بچووکترین پەیوەندی بە سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم و مارکسیزمەوە نەبوو. ئەمە نەک تەنها ئاکامی سروشتی شۆڕشی ئۆکتۆبەر نەبوو بەڵکو بە سەرکوت کردنی دەستکەوتە سیاسیەکانی ئەم شۆڕشە و لە ڕێگەی خەفەکردنی مەودای فراوانی ئەو ئازادی و مافە سیاسیانەوە کە لەگەڵ ئەم شۆڕشەدا بەدەست هاتبوون، توانرا بسەپێنرێ. دووەم ، پارلەمانتاریزم شکڵێکی دیاری کراوی حکومەتی چینە داراکانە. بە چاوپۆشین لەوەی کە بەشی سەرەکی ئەو بریار و مەدارانەی کە پەیوەندی بە ژیانی ملیونەها ئینسانەوە هەیە لە وولاتە پەرلەمانیەکاندا، لەدەرەوەی پەرلەمانەوە و لەلایەن نوخبەی سیاسی و ئابوری و عەسکەریەوە دەدرێت کە ملکەچی هیچ دەسەڵاتێک نین، بە ئاستەم دەتوانرێت پەرلەمان وەک ئۆرگانێک بۆ بەشداری خەڵک لە کاروباری کۆمەڵگادا سەیر بکرێت. چوار پێنج ساڵ جارێک پرێک پۆستەر و تەبلیغات و وەعدە و وەعیدی ڕەنگاورەنگ بەسەر خەڵکدا دەبارێنن، دەنگیان وەردەگرن و دەکەونە شوێن کارەکانیان. ئەگەر بمانەوێت بروا بە ئیدیعای نیزامی پەرلەمانی بکەین دەبێت بگەینە ئەو ئەنجامە سەیرەی کە بۆ ماوەی دە ساڵ خەڵکی وولاتانی ڕۆژئاوا بەدەست و ڕەئی خۆیان خەریکی هەڵوەشانەوەی خشتەکانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و بێکارکردن و بێ ماف کردنی خۆیان بوون. ڕۆشن نییە کە چۆن خەڵکی بەریتانیا زەریبەی سەریان [سەرانە] بەسەر خۆیاندا سەپاند وە یان خەڵکی ئەمریکا لە کام سەرچاوەی دەسەڵاتدارێتیدا دەنگیان دا بۆ شەڕ لە کەنداو و تەرخان کردنی گیان و ماڵی خەڵک بۆی. ئەم ئیدیعایە نوکتەیە. نیزامی پەرلەمانی نیزامێکە کە تیایدا هەر چەند ساڵە جارێک خەڵک لە نێو باڵە جیاوەزەکانی چینە دەسەڵاتدارەکانەوە یەکێک لەسەر سەری خۆیان دادەنێن. بێ گومان ئەم نیزامە باشترە لە ئیستبدادی بێ پەردەی فڵانە ژەنراڵی سوپایی و یان فڵانە حکومەتی ئاشکرای پۆلیس. بەڵام ناوبردنی بە نیزامێکی ڕاوەستاو لەسەر بەشداری ڕاستەوخۆی خەڵک ئیتر زیادەڕۆییە. سێیەم، پەرلەمانیش بە هەمان ڕاددەی ڕژێمە پۆلیسی و سەربازییەکان بەرهەمی سروشتیی سەرمایەدارییە. تەواوی دنیا لە ژێر دەستی سەرمایەداریدایە و ژمارەی ئەو ڕژێمانەی کە تیایدا پەرلەمانێک هەیە کە لە سەر پایەی هەڵبژاردنی جێگر و دەستکاری نەکراو و بەپێی مافی دەنگدانی گشتی هاتۆتە سەرکار و بەشدارییەکی هەڵسوراوانە دەکات لە یاسادانانیدا، بە پەنجەکانی دەست ئەژمێردرێن. کەسێک کە باس لە سیاسەت دەکات لە سەرمایەداریدا دەبێت لە بیری بێت کە مارکۆس و شای ئێران و فرانکۆ و پینوشەو خومەینی و سەدام و پاپا دۆک و بەیبی دۆک و ئاورین و هیتلەر و مۆسۆلینیش بەرهەمی هەمان کۆمەڵگا بوون. پلورالیزمی بۆرژوایی پاشکۆی جێگیری جێگا و ڕێگای سیاسی و ئابوری بۆرژوازییە لە کۆمەڵگادا. لە هەر شوێنێک ئەم جێگیریە کەوتبێتە مەترسییەوە خۆیان دەرگای پەرلەمان و حزبە نەیارەکانیان داخستووە و پەنایان بۆ ئەم جۆرە حکومەتە ئیستبدادیيانە بردووە.

ئایا سۆشیالیزم نیزامێکی تاک حزبیە؟ کۆمۆنیزم وەک دوا ئامانجی شۆڕشی کرێکاریی، دەوڵەتی وەک دامەزراوێکی سیاسی تیادا نییە. بەڵام بۆ دەست ڕاگەیشتن بە بارودۆخێکی لەم چەشنە، پێویستی بە جۆرێک لە دەوڵەتە لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی چینی کرێکاردا. حکومەتی کرێکاریی خۆی لە بنەڕەتەوە حکومەتی حزبی نییە. حکومەتی ئەو دامەزراوانەیە کە کرێکاران دەگرنە خۆیان. حکومەتی کرێکاریی، حکومەتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاران نییە، حکومەتی شوراکان و ئۆرگانەکانی کاری ڕاستەوخۆی جەماوەری کرێکاران و هاووڵاتیانە. سروشتییە کە دەبێت لەم سیستمەدا حزبەکان بۆ جێبەجێکردنی سیاسەت و بەرنامەی جێ مەبەستیان لە لایەن شوراکان و ئۆرگانەکانی دیموکراسی ڕاستەوخۆوە ئازادی هەڵسورانیان هەبێت. ئەگەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاران بیەوێت لەم مەیدانەدا جێگایەکی کاریگەری هەبێت، دەبێت لەبەر ئەوە بێت کە توانیوویەتی وەک ڕێکخراوێک

دەرکەوێت کە کرێکاران و ڕابەرانی بە نفوزی ئەوانی تیادایە. حکومەتی کرێکاریی ڕژێمێکی تاک حزبی نییە، لە هەمان کاتدا ڕژێمێکیش نییە کە تیایدا حزبەکان دەسەڵاتی دەوڵەتی بە دەستەوە دەگرن. لەسەروو ئەوانەشەوە، ئەمەش وەک باقی خاڵەکانی تر ڕای شەخسی خۆمە، حکومەتی کرێکاریی حکومەتێکی ئایدیۆلۆژیک نییە. ئەوە ئەرکی کۆمۆنیستەکانە کە مارکسیزم و تێڕوانینی کۆمۆنیستی بکەنە پایەیەکی خۆ ووشیاری کۆمەڵگا و هەمەگیری بکەن. ئەوەی کە ئایا ئەو حزبە سیاسیانەی کە خوازیاری لە نێوبردنی دیموکراسی ڕاستەوخۆ و شورایی خەڵکن و لە پێناو گێڕانەوەی دەسەڵاتی چینە سەرنگون کراوەکاندا تێدەکۆشن، لە نیزامێکی ئاوادا ئیجازەی هەڵسوڕانیان دەدرێتێ یان نا، مەسەلەیەکە خودی شوراکان لە ڕۆژی خۆیدا بڕیاری لەسەر دەدەن. بەهەرحاڵ پرسیارەکە ئەوە دەبێت کە ئایا ئازادی پێدانیان یان ڕێگرتن لە هەڵسوڕانیان ڕێگەیەکی کاریگەر دەبێت بۆ ڕیشەکێش کردنیان لە کۆمەڵگادا.

ئایا سیستمی شورایی لەگەڵ کۆمەڵگای پڕ پێچ و پەنای ئەمڕۆدا دێتەوە؟ بە تێڕوانینی من تەنها لە سیستمی شوراییدایە، یانی نیزامی پشت بەستوو بە بەشداری ڕاستەوخۆی دانیشتوان لە ئاستی محەلییەوە تا سەراسەری، کە بە ڕەچاوکردنی ئابوری و کار دابەشکردنی ئاڵۆزی جیهانی ئەمڕۆ دەکرێت ئامادەیی ڕاستەوخۆی خەڵک لە بڕیاردانی سیاسی و ئابوری و ئیداریدا بە واقعی دابین بکرێت. لە نیزامی پەرلەمانیدا، سیاسەت و بەڕێوەبردنی کاروبار دەبێتە تایبەتمەندییەکی دوور لە دەست پێڕاگەیشتنی خەڵکەوە. لە سیستمی شوراییدا بواری دەسەڵاتداریەتی هەر شورایەک لەگەڵ چوارچێوەی عەمەلی هەڵسوڕانیدا دێتەوە. هەر شورایەک لە نوێنەرانی کۆمەڵێک لە شوراکانی ئاستێکی خوارتر پێک دێت. سەرجەم دامەزراوەی شورایی کە پایەییترین ئاستی محەلی تا ئاستی سەراسەری و مەرکەزی دەگرێتەوە، لە ئاستی جۆراوجۆردا دەرفەتی بەشداری کاریگەری خەڵک و نوێنەرانیان و هەمان شێوەی پیادەکردنی کۆنترۆڵی دەنگدەران بەسەر نوێنەرانیاندا فەراهەم دەکات. سیستمی پەرلەمانی ڕووپۆشێکە بۆ دەسەڵاتی ئۆلیگارشیێکی (کەمایەتی دەسەڵاتدار) بۆرژوا. سیستمی شورایی جێگەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ بەشداری جەماوەری خەڵک خۆیان.

#### ئینتەرناسیۆنال

یەکێک لە ئاکامەکانی تێکشکانی بلۆکی ڕۆژهەڵات سست بوونی ئیدەی حزبیەت و هەڵسورانی حزبییە لەنێو چەپەکاندا، بەجیا لەو حزبە ئۆردوگاییانەی پێشوو کە یان یەک لە دوای یەک خۆیان هەڵدەوەشێننەوە یان هەمان ئەو وابەستییە ڕووکەشییەی پێشووشیان بە کۆمۆنیزمەوە وەلا دەنێن، کۆمەڵە چەپێکی ڕادیکاڵیش هەن کە قۆناغی ئێستا بە قۆناغی تەحەزوب نازانن و بۆ نمونە پێوایان وایە کە دەبێت چالاکی تیۆری بکرێت یان وەک عەناسری سۆشیالیست لە بزووتنەوە بنەڕەتیەکاندا هەڵسوڕاو بیت. بۆچوونت سەبارەت بەم تێڕوانینە چییە؟ هەروەها تۆ خۆت لە  دامەزرێنەرانی حزبێکی تازەیت کە دەیەوێت پتەوتر لە جاران وەک ڕێکخراوێکی مارکسیستی و کرێکاریی هەڵسورێت، پێت وانییە کە دروست کردنی حزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاریی لە هەلومەرجی ئێستادا بەرەو ڕووی سەر سورمان و تەنانەت گاڵتەجاڕی ببێتەوە؟

#### مەنسوور حیکمەت

بەهەرحاڵ هەمیشە کەسانێک پەیدا دەبن کە سۆشیالیزم و ڕێکخراوبوون و تەنانەت هەبوونی ئامانجە مەزنەکان بە کەم بگرن. قسە ووتن بە سۆشیالیزم و کرێکار لە کۆمەڵگای بۆرژواییدا هەمیشە خەڵات کراوە و ئەمڕۆ لەوانەیە ژمارەیەکی زیاتر لە خەڵک لە دەزگاکانی میدیا و زانکۆکان و دامەزراوە سیاسی و تەبلیغییە جۆراوجۆرەکاندا ڕوویان لەم ئیشە شەریفە کردبێت. ئەمانە مەسەلەی ئێمە نین، بەڵام سەبارەت بەو چەپە ڕادیکاڵ و هڵسوڕاوە سۆشیالیستییانەی کە لەگەڵ پڕوا بوونیان بە زەرووڕەتی تێکۆشانی سۆشیالیستییانەدا، "قۆناغی" ئێستادا بە قۆناغی تەحەزوب نازانن چەند خاڵێک باس دەکەم. منیش لەو باوەڕەدام کە هەڵسورانی تیئۆری مارکسیستی و چوونە ناو بزووتنەوە کرێکارییە بنەڕەتییەکانی ئەمڕۆوە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ کۆمۆنیستەکان. من لێرەدا تەئکید لە ووشەی "مارکسیستی" و "کرێکاریی" دەکەمەوە چونکە دەزانم بۆ زۆرێک لە چەپەکان چالاکی تیئوری یان بزووتنەوە بنەڕەتییەکان ئەم مانا دیاریکراوەی نییە و لە زۆر جێگا مەبەستیان چالاکی فەرهەنگی و بەشداری لە بزووتنەوەکانی وەک بزووتنەوەی بەرگری لە کەمایەتیەکان و پاراستنی ژینگە و

دیموکراتیزەکردنی چەند لایەنێک لە نیزامی سیاسی و ... شتی ترە. بە تێڕوانینی من لەگەڵ ئەوەشدا کە چەپەکان دەبێت بە تەواوەتی لەم مەیدانانەشدا ئامادەبن، بەڵام هێشتا ناتوانرێت ئەمانە و بە تایبەتی لەم سەردەمەدا وەک چالاکی تیئۆری وە یان کاری بنەڕەتیی کۆمۆنیستەکان سەیر بکرێت. بەڵام تەنانەت بۆ کەسێک کە چالاکی تیئۆری مارکسیستی و کاری بنەڕەتیی کرێکاریی جێ مەبەستی بێت، دوور کەوتنەوە لە تەحەزوب هەڵەیەکی بنەڕەتییە. کانوونەکان و مەحافیل و مەکتەبەکان و کەسایەتیەکان ناتوانن جێگای خاڵی حزبە سیاسییەکان پڕ بکەنەوە. بە تێڕوانینی من لە دیارنەبوونی ئەو حزبە کۆمۆنیستیە کرێکارییانەدا کە بتوانن سەرجەمی ئەڵتەرناتیڤێکی چینایەتی بە تەواوەتی لە بەرامبەر چینی دەسەڵاتداردا دانێن، لە دیارنەبوونی ئەو حزبانەدا کە پێکەوە گرێدانی هەوڵ و تەقەلا کۆمۆنیستیەکان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا بە ئەرکی خۆیان بزانن و سیمای حەرەکەتێکی هەمەلایەنە کە تەواوی دەسەڵاتدارێتی سەرمایەداری دەداتە بەر هێرش بدەن بە خەباتی کۆمۆنیستی، چالاکیەکانی کانونەکان و عەناسرە سۆشیالیستییەکان لەم یان لەو مەیدانە لە کۆمەڵگادا کاریگەری درێژ خایەنی نابێت. بە تایبەتی پێم وایە لە دیار نەبوونی دەرکەوتنی کۆمۆنیزمی کرێکاریی لە شێوەی حزبە سیاسیەکاندا، هەوڵ و تەقەلا مەحفەلی و کانونیەکانی سۆشیالیستە ڕادیکاڵ و ڕەخنەگرەکان لە مەیداندا نامێننەوە. کۆمەڵگای بۆرژوایی ئەمانە هەرس دەکات و ڕەنگی خۆی لێ دەدات. دنیا پڕە لەو مەحافیل و کانون و عەناسرە سۆشیالیستانەی کە لە مەیدانە جۆراو جۆرەکاندا دەستیان دایە "چالاکی ئەڵتەرناتیڤ" و دوای ماوەیەک هەر هەمان چالاکی ئەڵتەرناتیڤ بووەتە پڕپەیەکی سوننەتی ڕەسمییان. ڕادیکالیزم لە کۆمەڵگادا پاشکۆی مەوقعیەتی چینی کرێکارە لە خەباتی نێوان چینەکاندا. ئەمە مەیدانێکە کە بە پلەی یەکەم پێویستی بە هەبوونی حزبە کۆمۆنیستە کرێکارییەکانە.

بە بۆچونی من ئەو حزب و لایەنانەی کە ئەمڕۆ دەیبینین بەرەنجامی هێرشی بەرینی بۆرژوازییە بۆ سەر کۆمۆنیزم بە گشتی و کۆمۆنیزمی ڕێکخراو تایبەتی. کاتێک کۆمۆنیزم غەیرە قانونی دەکرێت و کۆمۆنیستەکان ڕاو دەنرێن، حزبە کۆمۆنیستەکان ئەندام لە دەست دەدەن و تەنانەت هەندێ جار بەکردەوە هەڵدەوەشێنەوە. ئەمە هەمووان دەیزانن. ڕواڵەتی مەسەلەکە ئەمەیە کە ئەمڕۆ لانی کەم لە ڕۆژئاوا کۆمۆنیزم غەیرە قانونی نییە، بەڵام هێرشی تەبلیغاتی بۆرژوازی بۆ سەر سۆشیالیزم لە تەنیشت هێرشە ئابوریەکەی بۆ سەر چینی کرێکار و بێکاری ملیۆنی، کاریگەریەکی لەم چەشنەی هەیە. دەکرێت ئینسان بە تەواوەتی لەوەش تێ بگات کە لە هەلومەرجێکی ئاواشدا زۆر کەس لە ڕێکخراوبوونی سۆشیالیستی دوور دەکەونەوە. هەر بۆیە من زۆر گرنگی نادەم بەو تیئۆرییە بە ڕواڵەت قووڵانەی کە دەڵێن ئەمڕۆ "سەردەمی تەحەزوب نییە". ئەوە خاسیەتی ئینسانە کە بەڵگەی فەلسەفی و حیکمەتی ئاڵۆز داتاشێت بۆ حەرەکاتە قابیلی دەرک و ڕۆشنەکانی خۆی. گوایە کاتێک کرێکار و کۆمۆنیزم لە ژێر مەنگەنە و فشار بێنە دەرەوە ئیتر سەر لە نوێ "سەردەمی تەحەزوب" دێتەوە. بەڕای من ئەم پاشەکشەیە کاتییە و بزووتنەوەی ئیعترازی چینی کرێکار لە فەڕەنسا و ئەڵمانیا و ڕووسیا و تەنانەت لەوانەیە ئەمریکا لە ماوەی چەند ساڵی داهاتوودا کۆتایی بەم جەوە فیکرییە دێنێت.

***ئینتەرناسیۆناڵ***

لە خودی ڕۆژئاوادا ڕوو بەڕووی چەند ڕەوەندێکی گرنگی بەرەودوا دەبینەوە. دوایین خشتەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی لێک دەترازێ و هەر ئەم ڕاددەیەی ئێستاش لە لێپرسراوێتی کۆمەڵگا لە بەرامبەر خۆشگوزەرانی و ئاسایشی ئابوری فەرددا دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. لە ڕووی سیاسیەوە ناسیۆنالیزم و فاشیزم و ڕاسیزم و دین کەوتوونەتە جووڵە. شان بە شانی ئەمانە پاشەکشەیەکی مەعنەوی ئاشکرا دەبینین کە بۆ نموونە لە تەئیدی میلیتاریزم و دەست درێژی سەربازیانەی ڕۆژئاوادا، پاکانە کردن بۆ ڕاددەی فراوانی هەژاری و بێکاری، چوونە سەری دەرگیرییە قەومی و دینییەکان، ژۆرنالیزم و ڕۆژنامەگەریی گەندەڵ و بە ئاشکرا وابەستە بە سیاسەتە دەوڵەتییەکان و... هتددا خۆی نیشان دەدات. ئەم ڕەوەندە لە کوێدا کۆتایی دێت؟ ئایا ئەم پاشەکشەیە بە شێوەی هاوسەنگیەکی مێژوویی درێژ خایەن ڕەسمیەت پەیدا دەکات یان ڕەوەندێکی کاتی و سەردەمییە؟

**مەنسوور حیکمەت**

بە بۆچوونی من لە دوا شیکردنەوەدا کۆتایی ئەم ڕەوەندە سۆشیالیستەکان و کرێکاران دیاری دەکەن. نەک بەو مانایەی کە تەواوی ئەو باڵە بۆرژوازیانەی دەیانەوێت تەواوی ئەم ڕەوەندە ببڕن و ڕووبینایەکی

سیاسی دامەزرێنن کۆنەپەرستن. بە بۆچوونی من بۆ نموونە ڕاسیزم و فاشیزم بەو ئاستەی کە جێ مەبەستی باڵی ڕاستی توندڕەوە تەنانەت لە نێو خودی بۆرژوازی ڕۆژئاوادا تەواو مەتڵوبیەتی نییە. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە یەکەم، هاوسەنگی درێژماوەتری جێ مەبەستی بۆرژوازی بەهەرحاڵ ڕاستترە لە چاو بارودۆخی ئێستادا. دووەم، ئەگەر بارودۆخ بە مەیلی بۆرژواکان ڕوات ئەوا تەواوی پرۆسەیەک کە تیایدا ئەم هاوسەنگیە بەدەست دێت کوێرەوەری و جەنگ و خوێنڕشتنی فراوانی لەگەڵدا دەبێت. فاشیزم و ڕاسیزم و میلیتاریزم و دین و ناسیونالیزم گرایشاتێک نین کە تەنها باڵی ناوەڕاست و کۆنەپارێزی چینی دەسەڵاتدار زاڵ بکەن و دواتر هەر کە پێویست بوونیان تەواو بوو وازیان لێ بهێنرێت. ئەمڕۆ دەیانەوێت ڕێگە بەم ڕەوتانە بدەن بۆ ئەوەی لە پەنا جەوێکەوە کە پێکدێت ڕادیکالیزم و عەدالەتخوازی و ئازادیخوازی نەهێڵن و یاسا ڕاستڕەوەکانی خۆیان وەک بنەمایەکی نیزامی نوێی جیهانی جێگیر بکەن. ڕەنگە بە نیاز بن ڕانەوەستن و تا لێواری کورەکانی ئینسان سووتاندن یان جەنگێکیماڵوێرانکەر بچن. تەنانەت ئەگەر سەرەنجامی بزووتنەوە کۆنەپەرستییەکانی ئەمڕۆ وەزعیەتێکی ئاوا لێڵ و تاریکیش نەبێت، بەڵام ڕەوەندێک کە دەبێت تێپەڕ بکرێت بۆ ئەوەی خاڵی هاوسەنگیەکی نوێ بێتە دی، بۆ ئەو نەوەیەی کە لەم سەردەمەدا دەژی پڕ دەبێت لە ناڕەحەتی و کوێرەوەری.

به تێڕوانینی من بە پلەی یەکەم ئەوە چینی کرێکار و هێزی سۆشیالیستی کۆمەڵگایە کە دەتوانێت و دەبێت پێش بەم ڕەوەندە بگرێت. ئەمڕۆ تێکەولێکەیەک لە جەوی سیاسی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا لە پەیدا بووندایە کە گەشەی فاشیزم و ئەو کاردانەوانەی بەرامبەری دروست بوون خۆی گۆشەیەکیەتی. ئەم وڵاتانە خەریکن بەرەبەرە لە لاموبالاتی سیاسی دەیەی هەشتاکان دێنە دەرەوە. کۆمەڵگا جارێکی دیکە بەرەو پۆلاریزە بوون و سیاسی بوون دەچێتە پێش. بەڕای من خودی ئەم هەلومەرجە زەمینە خۆشکەری پەیدابوونی چەپێکی نوێ و سۆشیالیزمێکی کرێکاریی دەخاڵەتگەر دەبێت لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لەو پڕوایەدام کە پێشگرتن بە پەرەگرتنی مەودای نفوزی فاشیزم و ڕاسیزم و ناسیونالیزم و بە شێوەیەکی گشتی مەیلە سیاسییەکانی ڕاستی توندڕەو هێشتا زیاتر لە توانادایە وەک لە بەرگرتن لە مەیدانی ئابوریدا لەبەرامبەر ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی بۆ ڕاماڵینی "سەرمایەداری خۆشگوزەران" لە ئارادایە. هێرشی بۆرژوازی بۆ سەر ئەو شێوازە ئابوریانەی کە میراتی دەیەی شەستەکان و نیوەی دووەمی هەفتاکان بوون پەیگیرانەتر و بنەڕکەرانەترە لە چاو لایەنە سیاسیەکاندا. هاودەنگییەکی فراوانتریش لەم زەمینەیەدا لە نێوان بەشە جیاوازەکانی بۆرژوازیدا هەیە. بێ گومان هەر ئەم هێرشە ئابوریە خۆی دەبێتە هۆی پێداچوونەوەی بنەڕەتی لە خۆ ووشیاری کۆمەڵگا و جێگاو ڕێگای هاووڵاتی لەم کۆمەڵگایانەدا. لە کۆتایی ئەم ڕەوەندەدا، ئینسانی ئاسایی، بە تایبەتی کەسێک کە لە فرۆشتنی هێزی کارەکەیەوە ژیان بەسەر دەبات، ئینسانێکی بێمافتر، بێشەخسیەتتر، بێڕێزتر و بێبەشتر دەبێت لە ئەمڕۆ. کاتێک بەشی خزمەتگوزاری پزیشکی و تەندروستی دەدەنەوە دەست کەرتی تایبەتی و ئەرکی تێچوونی دکتۆر و دەرمان دەخەنە سەرشانی "بەکارهێنەر" بەڕواڵەت دەیانەوێت سیاسەتێکی ئابوری بەرنە پێش. بەڵام لەگەڵ ئەم حەرەکەتەدا ئەو ڕاستیە لە کۆمەڵگادا جێگیر دەبێت و ڕەسمیەت پەیدا دەکات کە مافی سەلامەتی و تەندروستی مافێکە پەیوەستە بە خاوەندارێتی و دەرامەتەوە. لە فێرکردن و پەروەردەدا هەروەها، لە کاتی حەوانەوە و خۆشیشدا هەر بە هەمان شێوە. ئەم جۆرە پاشەکشە ئایدیۆلۆژی و سیاسی و حقوقیانە کە بە ڕواڵەت "فاشیستی"یش نین، بەرفراوانترن و خەبات لە دژیان ناڕەحەتترە لە چاو شێوازە توندڕەوەکانی دەرکەوتنی باڵی ڕاستدا.

***ئینتەرناسیۆنال***

بەم جۆرە ئایا تۆ فاشیزم و ڕاسیزم بە مەترسی سەرەکی نازانیت بۆ کۆمەڵگای ڕۆژئاوا؟

**مەنسوور حیکمەت**

ڕێگەم بدە با ئەوە بڵێم کە دووبارە کردنەوەی تەجروبەی ئەڵمانیای نازی بۆ فاشیستەکان ئاسان نییە. باڵە چەپەکان و تەنانەت ناوەندەکانیش لە کۆمەڵگادا کاردانەوەیەکی توند لە بەرامبەر ئەم ڕەوتەدا نیشان دەدەن. زەمینەکانی گەشەی ڕاستی توندڕەو لەوانەیە لە ئەڵمانیا و فەڕەنسا یان هەندێک لە کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشوو زیاتر بێت و لە بەریتانیا و ئەمریکا کەمتر. بەهەرحاڵ گۆڕانی فاشیزم بە هێزێکی زاڵ لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا، ڕووبەڕووی ڕێگری ماددی و بەرهەڵستییەکی سیاسی مەزن

دەبێتەوە. بە بۆچوونی من تەنانەت لەم بارودۆخەی ئێستادا جووڵانەوەی سیاسی چینی کرێکار و هێزی سۆشیالیستی توانای وەڵامدانەوەی ئەم هەڕەشەیەیان دەبێت. بێگومان ڕۆشنە کە پێویستە هەوڵ و کۆششێکی فراوان بکرێت بۆ هێنانە مەیدانی ئەم هێزە دژی فاشیزم و ڕاسیزم. بەڕای من گومان لەوەدا نییە کە فاشیستەکان بەهێز دەبنەوە بە شێوەی ڕەوتێکی ڕێکخراو و وەخۆکەوتووی ڕاستی توندڕەو جێگایەکی دیاریکراو لە مەیدانی سیاسی ئەم وڵاتانەدا بە دەست دێنن. بەڵام پێم وا نییە بتوانن لە ئایندەیەکی پێشبینی کراودا ببنە ڕەوتێکی زاڵ یان چارەنووسساز لە دەرونی بۆرژوازیدا.

سەبارەت بە ڕاسیزم مەسەلەکە ئاڵۆزترە. ڕاسیزم لەم وڵاتانەدا پایەدارتر و ڕیشەدارترە و فاکتۆری زۆر هەن کە خەبەر لە گەشەی لەمە زیاتری ڕاسیزم دەدەن لە داهاتوودا، هەرچەندە لەسەر ئاستی ڕەسمی لەلایەن بۆرژوازییەوە دزێو کرابێت. بۆ نموونە لایەکی فیکرەی ئەوروپای یەکگرتوو بە تەواوەتی دژی دانیشتوانی وڵاتانی ناوبراو بە جیهانی سێیەم کەوتۆتە کار. شوناسنامەی ئەوروپایی تەنها بۆ جیاکردنەوە لە شوناسنامەی ئینگلیزی و ئەڵمانی نییە، بەڵکو لە بەرامبەر ئاسیایی و ئەفریقاییدا مانا پەیدا دەکات. سیمای ڕەگەزپەرستانەی مەسەلەی یەکگرتنی ئەوروپا لێرە و لەوێ و بەدیاریکراوی لە بەرامبەر مەسەلەی سیاسەتێکی تاقانە لە بەرامبەر کۆچکردن و پەناهەندەیی یان لە پێناسەکردنی سیفات و فەرهەنگی ئەوروپاییدا، چەندین جار خۆی نیشانداوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئاستی فراوانی بێکاری ئێستا لە خودی ئەوروپادا برسێتی و ناجێگیری ئابوری و سەرکوتی سیاسی لە زۆرێک لە وڵاتانی ئاسیایی و ئەفریقاییدا و سەرەنجام کۆچی فراوان بۆ ئەوروپا، وا دێتە بەرچاو کە جیاوازی نانەوەی ڕەگەزی و هاندان و جووڵاندنی ڕاسیستی مەیدانێک دەبێت کە بۆرژوازی وا بە سادەیی دەستبەرداری نابێت. لانی زۆری کارێک کە سیاسەتی ڕەسمی لەم وڵاتانەدا دەیگرنە بەر ئەوەیە کە فاشیستەکان زیاد لە پێویست هێز لەم وەزعیەتەوە وەرنەگرن. لەم مەیدانەدا بێ سێ و دوو یاسا مەدەنییەکان بە زەرەری خارجییەکان ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت.

### ***ئینتەرناسیۆنال***

ئاڵوگۆڕیەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی دوو ڕەوەندی دژ بەیەکی خستۆتە بەرچاوی هەمووان، لەلایەکەوە سەرڕێکەوتنی بزووتنەوە ناسیۆنالیستیەکانی وڵاتانی بلۆکی ڕۆژهەڵات و سۆڤیەت دەبینین کە بوونەتە هۆی دابەش بوونی سۆڤیەت و ڕیز بەستنی میللی و قەومی و دینی جیاواز تیایدا. لە لایەکی دیکەوە ئەوروپای ڕۆژئاوا لە سەرەتای لابردنی سنورە میللی و وڵاتییەکانی ئێستا و پێکهێنانی ئەوروپایەکی یەکگرتوودایە. کام یەک لەمانە ئەلگۆی ئایندە دەدەن بە دەستەوە؟ یەکێتیخوازی ئەوروپای ڕۆژئاوا یان ناسیۆنالیزم و دابەش بوونی میللی لە ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا؟

### **مەنسوور حیکمەت**

بە تێڕوانینی من هیچ کامیان. میللی گەرایی ئەمڕۆ لە بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا ئاکامی دابەش بوونی ئەم بلۆکەیە، نەک هۆی ئەو. هەربۆیە گەشەی سەردەمیانەی مەیلە ناسیۆنالیستیەکان لە ڕۆژهەڵاتدا ڕەوەندێکی قابیلی گشتاندن لەسەر ئاستی جیهانی لەسەر بنەمای گەشەی ناسیۆنالیزم و قۆناغێکی نوێ لە ژیانیدا ناخاتە ڕوو. لە لایەکی دیکەوە گومان لەوە دەکەم کە بکرێت تەرحی ئەوروپای یەکگرتوو بە جیابوونەوەیەکی جددی لە ناسیۆنالیزم لە ئەوروپادا، دابنرێت. وا دێتە بەرچاو کە مەسەلەکە زیاتر لەسەر پێکهاتنی بازاڕێکی ناوخۆی پێکەوە لکاوە لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا وەک بنەمای قوتبێکی ئەوروپی لە ململانێدا لە بەرامبەر ئەمریکا و یاباندا تا ئەوەی کە ڕۆیشتن بێت لە شوسانامەی میللییەوە بۆ شوناسنامەی سەروو میللی. خودی سۆڤیەت ماوەیەکی دوورو درێژ بلۆکێکی پێکەوە لکاو بوو بە پارە و دەوڵەت و سوپای تاقانە و سیستەمی بەڕێوەبردنی ئابوری موتەمەرکیزەوە و ئەمڕۆ بۆتە مەڵبەندی میللی گەرایی. تا ئەو جێگایەی کە بۆ سەیرکەرێکی دەرەکی قابیلی تێبینی کردنە تەرحی یەکگرتنی ئەوروپا دزێوی شوناسنامەی ئەوروپایی لەبەرامبەر غەیرە ئەوروپایی زیاد کردووە بێ ئەوەی کە وابەستەیی میللی تاک تاکی هاوبەشانی ئەوروپای یەکگرتوی کەم کردبێتەوە. ئەوەی کە بە واقعی دێتە بەرچاو ئەوەیە کە قوتبە نوێیە ئابوری و سیاسیەکان، پێکهاتوو لە ئیتیلافاتی جۆراوجۆری وڵاتی، خەریکە جێی دابەش بوون و قوتببەندی پێشوو دەگرێتەوە و ئەم ڕەوەندە بە ئاشکرا پێکدادانی زیاتر دروست دەکات.

بە تێڕوانینی من تەجروبەی سەرمایەداری نیشانی داوە کە هەرچەندە حەرەکەتی سەرمایە و

جیهانی بوونی پرۆسەی کار لە بەشە جیاوازەکانی بەرهەمهێناندا سنورەووڵاتیەکان لە ڕووی ئابوریەوە لاوازتر دەکات، بەڵام نا هاوسەنگی گەشەی سەرمایەداری لە ڕشتە جیاوازەکاندا، کەمی سەرمایە لە ئاستی جیهاندا و ناجێگیری گشتی بارودۆخی سەرمایەداری، ناسیۆنالیزم لەسەر ئاستی سیاسی و لە ستراتیژی ئابوری بەشە جیاوزەکانی بۆرژوازیدا بە زیندویی دێڵێتەوە. بە بۆچونی من سەرمایەداری ئەگەر لە ڕووی تەجریدیشەوە نەبێت، لە ڕووی ڕەوتی پێکهاتنی دیاریکراوی تا ئێستاشیەوە پێویستی بە شوناسنامەی میللی و ناسیۆنالیزم هەیە. بەم پێیە هەر یەکگرتنێک جگە لە پێناسە کردنی سنوربەندییە نوێکان شتێکی دیکە نابێت. هەرچەندە مەیلی زاتیی سەرمایە بەرەو جیهانی بوون بەهێزیش بێت، وا دێتە بەرچاو کە ڕزگار بوونی ئینسان لە ناسیۆنالیزم و شوناسنامەی میللی بە عەمەلی کاری ئەنتەرناسیۆنالیزم و شۆرشی کرێکاریی دەبێت.

بە گشتی ڕام وایە کە قۆناغی ئێستا قۆناغی ناسیۆنالیزم نییە. قۆناغی لە ناوچوونیشی نییە. ناسیۆنالیزم نە وەڵامێکی تایبەتی بۆ مەسەلەکانی سەرمایەداری ئەمڕۆ پێیە و نە بەشێوەیەکی تایبەتی لە ژێر فشاردایە. ئەوەی کە خەریکە گۆڕانی بەسەردا دێت ئارایشی میللی جیهانی سەرمایەدارییە نەوەک جێگای میللی گەرایی تیایدا.

### ئینتەرناسیۆنال

لە هەلومەرجێکدا کە بۆرژوازی ئەلگۆکانی خۆی لە ئابوری و سیاسەت و فەرهەنگ لە شێوازی جۆراوجۆردا، لە ناسیۆنالیزم و دینەوە تا فاشیزم و نەژاد پەرستی، لە بەرامبەر کۆمەڵگادا دادەنێت وا دێتە بەرچاو کە چینی کرێکار سەرقاڵی بەرگری کردنە لە خۆی لە سنووری ئابوریدا. ئەم مەسەلەیە چ لە ووڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا و چ لە ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا، کە لەگەڵ سیاسیتر بوونی جەوی کۆمەڵگادا هەژاری ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر ئیحتمالی قەتیس مانەوەی کرێکاران لە بەرگی خەباتی ئابوریدا زیاتر دەکات، دەکرێت ببینرێت. پێت وا نییە ئەم وەزعیەتە جێی نیگەرانی بێت؟ بەڕای تۆ هاتنە دەر لەم وەزعە لە گرەوی چیدایە؟

### مەنسوور حیکمەت

بە بۆچوونی منیش ئەمە واقعیەتێکی مەلموس و بە تەواوەتی مایەی نیگەرانیە. دەرکەوتنی چینی کرێکار لە مەیدانی سیاسیدا درێژەی ووشک و برینگی خەباتی ئابوری نییە."کرێکاران" بە هەمان مانای کۆمەڵناسانەی ووشەکە تا ئێستا کەمتر لە سیاسەتدا بەشداریان کردووە. کرێکار لە ڕێگەی حزبە کرێکارییەکانەوە، چ ڕیفۆرمیست بن و چ شۆڕشگێر، بەشداری لە ململانێی سیاسیدا دەکات. ئێستا هەلومەرجێک هاتۆتە دی کە هەموو ئەو سوننەتە سیاسی و حزبیانەی کە هەر چۆن بێت سەکۆیەک بوون بۆ بەشداری سیاسی کرێکار لە کۆمەڵگادا، وەک سۆشیال دیموکراتی و بەشە جیاوازەکانی کۆمۆنیزم هاتوونەتە دواوە. چاوەڕوان کردنی ئەوەی کە کرێکاران بەبێ ڕێکخراوبوونیان لە دەرەوەی حزبە سیاسیەکان دەتوانن لە مەیدانی ئابوریەوە زۆر پێ بکێشنەدەر، چاوەڕوانییەکی بێ ناوەڕۆک و لە ڕووی مێژووییەوە بێ پایەیە. شەخسی خۆم لەو باوەڕەدا نیم سۆشیال دیموکراتی تەنانەت بیەوێت لێرە بە دواوە وەک ڕەنگدانەوەی سیاسی بزووتنەوەی نەقابی لە کۆمەڵگادا سەیر بکرێت. بە تێروانینی من ئەم ڕەوتە بە ڕاددەیەکی زۆر دەستی لە کرێکاران شتووە و ڕووی کردۆتە توێژە مامناوەندیەکانی کۆمەڵگا. جگە لەمەش سۆشیال دیموکراتی تەنانەت خاوەنی بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابوری ڕۆشن نییە. هەر بۆیە مەسەلەکە گرێی خواردووە بە چارەنووسی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە. لێرەدایە کە پروام وایە بەبێ هەوڵ و تەقەلای جیدی بۆ یەکەم، دژ وەستانەوەی هێرشی دژی کۆمۆنیستی ئەمڕۆ و دووەم، دروست کردنی حزبە کۆمۆنیستە دەرگیرەکان لە ڕێکخستنی چینایەتی کرێکاراندا و بەشدار لە خەباتی سیاسیدا، کرێکاران تەنانەت ئەگەر بشتوانن لە مەیدانی ئابوریدا کۆمەڵە سەنگەرێکی دیاریکراو بپارێزن، بەهەرحاڵ ڕووبەڕووی هاوسەنگیەکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی چەند قات دژی کرێکارییتر لە بارو دۆخی تا ئێستا دەبنەوە. بە تێروانینی من قۆناغێک کە چووینەتە ناوی لە ڕووی بزووتنەوەی ئیعترازی چینی کرێکارەوە کەموکوری نابێت. بەڵام ئەوەی کە ئەم خەباتە دەگاتە چ سەرئەنجامێک و بە شێوەیەکی دیاری کراو چ کاریگەریەکی دەبێت لەسەر مەوقعیەتی گشتی کرێکار لە کۆمەڵگادا و توانا و ڕێز و پایەی ئەو، پرسیارێکی دیکەیە. ئەوەی دووەم ئیتر دەبەستریتەوە بە هەبوونی بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستیەوە لەسەر ئاستی کۆمەڵگا و لە دڵی حەرەکەتی کرێکارییدا.

**وەرگێڕانی لە فارسیەوە**: ئاوات سەعید

**تایپکردنەوە**: پەیمان غەریب

**پیاچوونەوە و هەڵەبژێری**: جەمال موحسین

**مۆنتاژ**: نوری بەشیر

**سەرەتای جونی** 2008

تێبینی: ئەم نووسراوە، لە کاتی خۆیدا، لەلایەن "ڕەوتی کۆمۆنیست"ەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

## لەبڵاوکراوەکانی : حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان